مەحمود موعەزەمی

خۆتت خۆشبوێت

دەبێت چاوەکانمان بشۆین و بەجۆرێکی تر ببینین.

وەرگێڕانی
شاهۆ لەتیف

(خۆتت خۆش بوێت، هەوڵ بدە تا ئەوانی دیکەش

زیاتر خۆیانیان خۆش بووێت.)

دەستپێک

یەکێک لەو کەسانەی لە ئێران سیمینار دەکات، کەسێکی ناسراو و بەناوبانگە، منی بانگهێشتی یەکێک لە سیمینارەکانی کرد، لە کۆتایی سیمینارەکەدا هەندێک لە بەشداربووان کە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە منیان دەناسی، پاش سڵاو و ڕێز و خۆناساندن، کچێک پرسیارێکی هەبوو زۆر سەرنجی ڕاکیشام، گوتی: بەڕێز موعەزەمی بەرنامەکانی تۆ زۆر باشن بەڵام من کێشەیەکی زۆر گەورەم هەیە، گوتم: کێشەکەت چییە گیانە؟ گوتی: من هەموو کەسێکم خۆش دەوێت، بەڵام خۆمم خۆش ناوێت، تۆ هەمیشە دەڵێیت خۆتت خۆش بوویت، من لەم بەشەدا گیرم خواردووە، خۆمم خۆش ناوێت، بەڵام هەموانم خۆش دەوێت، پەیڕەوی لە بەشی دووەمی قسەکەی تۆ دەکەم، بۆ هەموو کەس کار دەکەم، ئامادەم خۆشەویستی ببەخشم، بەڵام بۆ خۆم وا نیم..
گوتم: دۆستی ئازیز، مەگەر دەکرێت مرۆڤ ئەوانی دیکەی خۆش

بوویت و خۆیی خۆش نەویت؟! گوتی: من بەم شێوەیەم، داوام لێ کرد دووبارە پێکەوە ئەم دروشمە بخوێنینەوە، دروشمی (مەکتەبی کەمال) دەڵێت: (١- خۆتت خۆش بویت ٢- هەوڵ بدە تا ئەوانی دیکەش زیاتر خۆیانیان خۆش بویت). من نەمگوتووە ئەوانی دیکەت زیاتر خۆش بوویت. کاتێك تۆ خۆتت خۆش بویت، ئینجا دەتوانیت ئەوانی دیکەت خۆش بوویت.

نیشانەکانی خۆشویستنی ئەوانی تر چییە؟ ئەوەیە کە یارمەتییان دەدەیت لەگەڵ خۆیان ئاشت ببنەوە و ڕێز لە خۆیان بگرن و بڕوا بە خۆبوون پەیدا بکەن، خەڵك پێویستیان بەوە نییە ئێمە نازیان بکێشین، بەڵام زۆرخۆشحاڵ دەبن یارمەتییان بدەین پەیوەندییا خۆیان لەگەڵ خۆیاندا باش بێت، بۆنموونە: کاتێك من ڕەخنە لەکەسێك دەگرم و کەموکورتییەکانی پیشان دەدەم بۆچی پێی ناخۆشە و ناڕەحەت دەبێت؟ لەبەرئەوەیە کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خۆی تێکدەدەم، من ناڕاستەوخۆ پێیدەڵێم تۆ لاوازیت، تۆ درکت کەمە، عەقڵت کەمە، هۆش و بیرت نییە، ئەمانەش بۆ ئەو ناخۆشن بە خۆی دەڵێت: من بێ هۆشم، عەقڵم کەمە، بێ توانام و لاوازم.. بە پێچەوانەوە بۆچی کاتێك وەسفی کەسێك دەکەیت خۆشحاڵ دەبێت؟ چونکە پەیوە ندیی لەگەڵ خۆی باشدە بێت! یە کیژە بەرێزەم گوت: خانم، ناکرێت مرۆڤ بڵێت من خۆمم خۆش

ناوێت، بەڵام خەڵکانی ترم خۆشدەوێت، چوون ئەوکات دەرفەت نەبوو بۆی ڕوون بکەمەوە، لێرەدا ڕوونی دەکەوە.

لەڕاستیدا لەم حاڵەتەدا ئێمە ئەوانیترمان خۆش ناوێت، ئێمە بەتەمەنای پەسەندبوونمان لای ئەوانیتر ئەمکارە دەکەین، من لە هزرمدا دەڵێم: کاتێك من کەسێکی باشم کە ئەوانی تر پەسەندم بکەن و خۆشیان بوێم، چونکە ئەمەش لای من پێویستییەکی گرنگە، هەوڵدەدەم بزانم چیم پێدەکرێت بۆ ئەوانیتری ئەنجام بدەم، چ هاوکارییەکیان بکەم و چ ڕەفتارێك و چ قسەیەك بکەم تا سەرنجی ئەوان ڕابکێشم و خۆشیان بوێم؟ هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە خۆم خۆشحاڵ بم، لەڕاستیدا ئەمکارە بۆ خۆم دەکەم، بەڵام دەیکەم بە منەت بەسەر ئەوانی دیکەوە.

تۆش ئەگەر خۆتت خۆش ناوێت، تکایە سەرنج و خۆشەویستیش بەوانیتر مەدە، مێشکی ئێمە ڕێگەیەکی هەڵەی بۆ بەدەستهێنانی سەرنج و خۆشەویستی گرتووەتە بەر، سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ بەرنامەی ئابڕوو یان ویژدان*.

---

* (مەحرودی مرعەزەمی لە زلجیرە بەرنامە دەروونناسییەکانیدا، بەرنامەیەکی بە ناونیشانی ئابڕوو یان ویژدان هەیە) "وەرگێڕ"

پوێستە فێر ببین سواڵی پەسەنبوونمان لای ئەوانتر نەکەین، ئەو پەسەندییە بە شایستەیی بەدەست بهێنین، چ سواڵی بکەیت و چ بە زۆر وەری بگریت وەکوو یکە، دیکتاتۆرەکان کەسانێکن بە زۆر پەسەندی بەدەست دەهێنن، واتە ئەگەر پەسەندیان نەکەیت، کوتەککاریت دەکەن، دەتکوژن.. کەسانێکی تر هەن ئەگەر پەسەندیان نەکەیت، دەتۆرێن، دەگرین، بە خۆ مەزلووم دەرخستنیان وات لێدەکەن لە قسەکانت پەشیمان ببیتەوە، وات لێدەکەن هەست بە تاوان بکەیت، ئامانجی هەردوولایان بەدەستهێنانی پەسەندبوونیانە لای ئەوانی تر، ئەمە ڕێگەی ژیانێکی دروست نییە، کاتێك دەتوانیت لەسەر پێی خۆت بوەستیت، ژیانی خۆت بەڕێوەبەریت، چ پێویستت بە سواڵکردنە؟ ئەو هەموو خەڵکە کار دەکەن و ژیان بەڕێ دەکەن، پێویست ناکات سواڵ بکەیت، سواڵکردن هی کەسێکە نازانێت یان نایەوێت نیش بکات.

بەهەرحاڵ، من و تۆ وەکوو مرۆڤ، نیازمان بە پەسەندکردنە لەلایەن ئەوانی ترەوە، لەمەدا هیچ گومانێك نییە، ئەو بابەتەی کە (مەکتەبی کەماڵ) بۆمان پێشنیار دەکات، ئەمەیە: سواڵ مەکە، ئەگەر من خۆم بە شایستەی خۆشەویستی و ڕێز و سەرنج بزانم، بەدەستی دەهێنم، ئەگەر لە ژوورێك بنووسم: دکتۆر

مەحوود موعەزەمی، پزیشکی بەشی هەناویی.. هتد، خەڵك سەرەتا بڕوا دەکەن و پاشان سەردانم دەکەن بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەم.. بەڵام ئەگەر پزیشك نەبم و لێهاتوویی ئەم کارەم نەبێت، تێکدەشکێم و ڕسوا دە بم، دواتر دەڵێم خەڵکی ڕێزی کاری من نازانن، لەکاتێکدا من هیچ کارەم، زانستی ئەمکارەم پێ نییە، بەڵام ئەگەر بە دروستی بچمە زانکۆ و دەرس بخوێنم و لای دکتۆرێك خزمەت بکەم و فێرببم، لە نەخۆشخانەیەك کار بکەم و دوای چەند ساڵێك کارامەیی پەیدا بکەم و حەز و عەشقم بۆ کارەکەم هەبێت، ئەگەر لە ژوورەکەم دابنیشم، خەڵك لە سەرانسەری دنیاوە دێن تا خزمەتگوزارییەکانم بکڕن.. ئەگەر بەراستی لە ژیاندا دەتەوێت بەڕێز و خۆشەویست بیت، دابینی بکە، نەك سواڵی بکەیت، شایستەیی وەکوو بڕوانامە وایە، بڕۆ بەدەستی بهێنە، کاتێك پارێزەرێکی باش بیت، خەڵك دێن بۆ لات، دەڵێن یارمەتیمان بدە، تکایەك دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەیە بوەستین، لەبری ئەوەی هەر بەدوای پەسەندکردنەوە بین با خولەکێك بوەستین و بڵێین: ئەو شتانەی لەوانی تر دەمانەوێت، لە خۆماندا دروستیان بکەین، وە هەشمانە، (ساڵانێك دڵ داوای جامی جەمی دەکرد لێمان، ئەوەی خۆی هەیبوو لە بێگانە داوای دەکرد).

"جامی جەم، ئەو جامەیە کە بەپێی ئەفسانەکان جەمشیدی پاشای فارس هەموو شتێکی تێدا بینیوە". (وەرگێڕ)

ئێمە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەوانیتر دەڵێین، سەرنجم بدە، پێم بڵێ من کەسێکی گرنگم، من بەنرخم، من کەسێکی خۆشەویستم.. خەڵکیش هەندێکیان بە لوتفی خۆیان و هەندێکیشیان بەهۆی مامەڵە و بدە و بستێنەوە، هەر کەسەو بە شێوەیەك شتێکمان دەداتێ، بەڵام ڕێگەیەکی باشتر بۆ ئەم کارە هەیە، ڕێگای باشتر ئەوەیە ئەو شایستەییە فەراهەم بکەین، بگەڕێینەوە بۆ دەروونی خۆمان و ڕێزگرتن لە خۆمانەوە دەستپێبکەین.

دەڵێین: دایك و باوکمان وەها فێریان کردووین، لە سەردەمی منداڵیمدا سەرنج و خۆشەویستی پێویستم پێنەدراوە، من بە مەرج پەروەردە کراوم، بڕوام کردووە کە خۆشەویست نیم، هۆکارەکەیشی دایك و باوکم بوون، چونکە پێیان گوتووم: ئەگەر ئەو کارە بکە یت خۆشم دەوێت، ئەگەر ئەو کارە نەکەیت خۆشم ناوێت، دایك و باوکم نەزان بوون، مامۆستاکان و پەروەردە کارانم نەزان بوون، کولتوورەکەم نەریتەسەقەتەکانی پەسەند کردووە.. هەموو ئەمانەم قبوڵە، ئێستا کە خۆم بەرپرسی خۆمم و ئەمانە دەزانم، خەریکی چیم؟ ئەگەر هێشتا هەر خەریکی

بەرزەنشتکردنی دایک و باوکمم، ئەمە لە خۆیدا دیسان کارێکی منداڵانەیە! ئێمە پێویستە فێر ببین، هەمووومان پێویستمان بە پەسەندکردنە لەلایەن ئەوانیترەوە، ئەمەش زۆر سروشتییە، سوودی ئێمەش لەوەدایە خەڵك خۆشی بوێین، جێی متمانە بین، بەڕێز بین.. بەڵام دەبێت بەکردەوە بەدەستی بهێنین نەك بە سواڵکردن، باج نەدەین و باجیشمان نەوێت، گەر خاوەنی پسپۆڕی و دەستڕەنگینی و هونەر یاخود بەهایەك بێت، خەڵك بێ ئەملاوئەولا نرخەکەیت دەدەنێ.. کێشە ئەوەیە هیچ پسپۆڕییەکمان نەبێت و بڵێین پارەی پسپۆڕییەکەمان بدە، ئێ دیارە نایدەنا بۆنموونە من دەڵێم سەرۆك و بەرپرسی ئێوەم، دەی کەنەتوانم بەڕێوەتان بەرم گرووپەکە هەڵدەوەشێت، پاشان بە زۆر دەمەوێت بەڕێوەی ببەم، دەڵێم ئەگەر وانەکەن، دەرتان دەکەم، ئەوکاتیش کێشە پێش دێت!

نازانم قسەکانم تا چەند کاریگەری بەجێ هێشت یاخود بەجێدەهێڵێت لەسەر ئەوخاڵە، بەڵام هێندە بەسە بۆ ئەوکیژە تازە پێگەیشتووە سەرلەی ئەم بابەتە بدات ئەوانیتری خۆشناوێت! خزمەت بەوانیتر دەکات تا خزمەتی بکەن، ئەمەش کارێکی بێ سوودە! فێریان کردووەگەر گرنگی و سەرنج لە خۆت بدەیت، خۆ پەرستی و تاوانە، لە ڕاستیدا ئەمە بیرکردنەوەیەکی دروست نییە.

بۆنموونە کاتێك من دەڵێم خزمەتی خوداوەند دەکەم، مرۆڤێکی دروستکارم و.. هەموو کارێکی باش دەکەم بۆچی ئەم کارانە دەکەم؟ چونکە لەبەرژەوەندیمە، ئەگەر نایکەیت برۆ کاری هەڵە بکە، کە من دەڵێم مرۆڤێکی ڕاستگۆم، ئایا دەکرێت ڕاستگۆ نەبم؟ کە دەڵێم دروستکارم، دەکرێ دروستکار نەبم؟ وەڵامەکەی روونە، ڕاستگۆیی و دروستکاری لە بەرژەوەندیی خۆمە و لەبەر خۆم دەیکەم، بۆ منەت بەسەر خەڵکدا بکەم؟!

ئەگەر فێڵ نەکەم، لەبەرژەوەندیی خۆمدایە، بۆمنەت بەسەر خەڵکدا بکەم؟! بە ڕێکوپێکی کارەکانم دەکەم، مەگەر نابێت بە ڕێکوپێکی بیکەم؟! ئەو شوێنەی کاری لێدەکەیت، ئەگەر هاوکارەکانت هاندەرت بن باشترە، بەڵام با باش کارکردنت بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆت بێت، ئەگەر تۆ پێنووسێك دروست بکەیت و ناویشتی لەسەر نەنووسیت، هەمووان دەزانن ئەم بەرهەمە لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەدا جیاوازە، کرێکارێك کە بڕوای بەخۆی و کارخانە و وڵاتەکەی هەیە، بە جۆرێکیتر برغوو دەبەستێت.

ئەمە چیرۆکی ڕاستییە: (میوانێك بۆی گێڕامەوە و گوتی: جارێکیان چووم بۆ ئەڵمانیا، دیتنی کارخانەی مارسیدس بێنز

یەکێك بوو لە ئامانجەکانم، خانەخوێکەم گوتی: ئەگەر بکرێت سبەینێ با زووتر بڕۆین بۆدیتنیان، چونکە کاتژمێر ١٢ خۆ پیشاندان دەکەن، کارخانەکە دادەخرێت ئیدی ناتوانین بیان بینین، گوتم: باشە، لەبەرئەوەی حەزم دەکرد ئەو کارخانەیە ببینم قبووڵم کرد، ڕۆژی دواتر سەرلەبەیانی کەمێك زووتر ڕۆیشتین و بە هێڵی بەرهەمهێناندا دەڕۆیشتین، لەجێگایەکدا بینیم کرێکارێك برغووی ماتۆڕێك دەبەستێت و بەدیقەتەوە کەمێك شلی دەکات و کەمێك توندی دەکات زۆر وەسواسە لە کارەکەی.. ئەوانیتریش هەروەکوو ئەم هەمان دیقەت و وەسوەسەیان هەیە، چونکە ئەڵمانیم دەزانی، گوتم: خۆشحاڵم دەبینم خۆپیشاندان ناکەن، کارەکەی بۆچرکەیەك ڕاگرت و گوتی: بۆچی نا، ئێمە ئەمڕۆ خۆپیشاندان دەکەین، گوتم: بۆچی خۆپیشاندان دەکەن؟ گوتی: ئێمە لە دۆخی کار و مووچەکانمان ناڕازین، گوتم: ئەگەر ناڕازین، بۆچی ئەوەندە بەدیقەتەوە ئەو برغووە شل دەکەیت و توندی دەکەیت؟ زۆر سەری سووڕما و دەستی لەکارەکەی هەڵگرت! گوتی: ببورە کاکە، من لە هەلومەرجی کار و خاوەنکارەکەم ناڕازیم، بەڵام ئەمە بێنزە، بەرهەمی ئەڵمانیایە، بەرهەمی منە، لە وڵاتەکەی من دەچێتە دەرەوە، ناوی من و ناوی وڵاتەکەمی لەسەرە.. میوانەکە گوتی: زۆر هەستم بەشەرمەزاری کرد بۆ ئەو پرسیارە نادروستەی

کردم، وانەیەکی زۆر گرنگ فێربووم لەو کرێکارەوە.) ئەگەر دڵت ڕەنجاوە نابێت ناو و کارەکەت لەکەدار بکەیت، بۆنموونە: من ئەگەر پینەچییەکم و ئەمڕۆ لەگەڵ خانمم دەمەبۆڵەمان بووە، نابێت پێڵاوەکان خراپ بکەم، چونکە ئەوە بەرهەمی کار و هونەر و ناوبانگی منە، پێویستە فێرببین، چاوەکانمان بشۆرین، کاتێك تووڕە دەبین بازاڕێك لەبەر دەستماڵێك نەسووتێنین و لەکاتی ئاشتبوونەوەیش هەموو مافێکمان بیر بچێتەوە، هەرکارێك دەکەین بۆخۆمانە و لە بەرژەوەندیی خۆمانە، ئەگەر لەگەڵ خەڵك کاری مرۆڤدۆستانە دەکەین و خۆشماندەوێن بۆ بەرژەوەندیی خۆمانە، بۆچی منەت بکەین بەسەریاندا؟! زۆر باشە، سەرنج و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خەڵك مەنوێنە، خۆت زەرەر دەکەیت! ئەگەر مرۆڤەکانت خۆشنەوێت، کاتێك بە شار و شەقامەکاندا تێدەپەڕیت، هەموو دوژمنەکانت دەبینیت و حاڵت تێکدەچێت، خۆتت خۆشنەوێت، کاتێك سەیری ئاوێنە دەکەیت حاڵت تێکدەچێت، هەرچی لەبەرژەوەندیتە نایکەیت!

لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە کەچاوەکانمان بشۆرین و بەجۆرێك چیرۆکەکانمان بگێڕینەوە کە دروستن و لە ڕاستییەوە نزیکن، ئەمە سیستەمی ئادەمیزاد و سیستەمی ژیانە کە مرۆڤ هەرکارێك دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك و دوورخستنەوەی

بازارەکە، ئەوانەوە یا گەڕانەوەکانمان دروست بن، من کاری جوان دەکەم چونکە حەزم لێیە، کاری دروست ئەلهام دەدەم چونکە لەبەر ئەوەندەیە، بەرهەمی باش دەدەم، چونکە ناوی منی لەسەرە، ئەگەر ناوی منیشی لەسەر نەبێت، کەسێك هەیەلەم دنیایەدا دەزانێت کە من دروستم کردووە، کە فەرشێکی جوان و باش دەبینێت ئەو کەسەی چنیویەتی و ئەوەی ڕەنگی کردووە و ئەوەشی نەخشی کێشاوە نایناسێت، بەلاّم لەبەرخۆتەوە دەڵێیت دەستەکانی خۆش بێت دەڵێی پەڕەی گوڵە، ئافەرین بۆ ئەوکەسەی دروستی کردووە، ئافەرین بۆ ئەم پیشەسازە.. دەی نایلێین؟ دەیلێین، پێویست ناکات حەتمەن ناوی خۆی نووسیبێت و واژووی لەسەر کردبێت، بەبێ بوونی ئەوانەش پەسەندی دەکەین، چونکە ئەوکەسە دووبارەخۆی نواندووە لەژیانەدا، بەهاکانی نیشانداوە.

زۆرن ئەوکەسانەی پێیانوایە کاتێك ژیانیان مانای هەیە کە خۆیان بکەنە قوربانی بۆ کەسێکیتر، عەیبی نییە، وەرن بەمجۆرە سەیر بکەین، ئەگەر بەم جۆرە ببینین باشترە، ئەگەر من پێم وابێت خۆم قوربانی تۆ کردووە، چاوەڕوانیم لە تۆ هەیە، بۆنموونە بە کەسێك دەڵێم: من خۆم دەکەمە قوربانیت، بۆچی تۆ سەیری کەسێکی تر دەکەیت و گرنگیی پێدەدەیت؟ ئەمەش دەبێتە خاوەنداریتی پێوەکردن و پاوانخوازی، یا بەم جۆرە [illegible]

ئەگەر من خۆشەویستی بەوانیتر دەبەخشم لە چاوەڕوانیی شتێکدا دەیکەم، چیم دەوێت لێیان؟ دەمەوێت پەسەندم بکەن؟ ئەگەر تەنیا لەبەر ئەمەیە ئێ با خۆم خۆم پەسەندبکەم، چ پێویستم بەوانە! دەتەوێت بڵێی خاوەنی هونەرێکم، ئێ برۆ ئەو هونەرە فێر ببە. دەتەوێت بڵێیت خاوەنی پیشەیەکم، دەی برۆ ئەو پیشەیە فێر ببە، بۆچی درۆ بکەین و خۆمان هەڵنێین؟ بۆچی بڕوانامەی ساختە زیاد بکەین و بەدیوارەکانماندا هەڵیبواسین؟ بۆچی ناونیشان بکڕین؟ ئەوەبە کە دەیڵێیت، ئەگەر ئەوەت فەراهەم کرد، چ بتەوێت و چ نەتەوێت، مرۆڤەکان دێن بۆلات، خۆشیاندەوێیت و ڕێزت دەگرن.

زۆربەی ئەوشتانەی کە دەمانەوێن، لە تەنیشتماندان، سەعدی شیرازی لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت (ئاو لەگۆزەدایە و ئێمە بە لێوی تینوەوە دەروەی بۆ دەگەڕێین، یار لەماڵە و ئێمە جیهانی بۆ دەگەڕێین.) زۆربەی شتەکان لە ناخی خۆماندان و ئێمە وا ڕاهاتووین لە دەرەوەی خۆمان سۆراغی بکەین. ئەو کیژەی کە دوارۆژ هاوسەرگیری دەکات، لەپەیوەندیی هاوسەرگیری خۆی نادیدە و بە کەم دەگرێت، هەمیشە خۆی بەفیدای هاوسەرەکەی دەکات، لای وایە زۆر فیداکاریی کردووە، لە کاتێکدا دەترسێت ڕەزامەندیی هاوسەرەکەی لەدەست بدات، دەترسێت تەنیا بکەوێت، ئەوکات دەزانن مێردەکەی چیی بەسەر دێت؟ مێردەکەی

هەست بەخنکان دەکات و هەوڵدەدات دووربکەوێتەوە و ئەویش زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە و زیاتر پێوەی دەنووسێت، دیسان مێردەکەی زیاتر دوور دەکەوێتەوە، لێك جیا دەبنەوە، پیاوەکە نایەتەوە بۆ ماڵ، خانمیش وا هەست دەکات نەخوازراوە، بۆیە ژیانیان تێك دەچێت. بیرمان نەچێت خۆشویستن جیاوازە لەگەڵ نووسان بەوانیترەوە، خۆشەویستی لەگەڵ خۆشویستن جیاوازە، دەکرێت شکێت خۆشبوویت بەڵام بۆی نە درکێنیت، چونکە لەوانەیە بەرژەوەندیتی تییدا نەبێت، ڕەنگبێت ئێستا کەمێکی بڵێیت و زۆری نەڵێیت، ئەمانەبەرژەوەندییەکانی ئێمەیە.

هەرکات دەمانەوێت کارێك بکەین با لە خۆمان بپرسین بەدوای چ شتێکدا دەگەڕێین؟ ئایا ئەوەی دەمەوێت، ئەمە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن پێی؟ ڕێگەیەکی باشتر هەیە یان نا؟ لە یادم بێت هەر کارێك دەکەم، یەکەم بۆ بەرژەوەندیی خۆم دەیکەم بەڵام بەجۆرێك لە جۆرەکان دەیکەم بە منەت بەسەر ئەوانیترەوە، ئەمەش هەڵەیە، من وەکوو مەحموودی موعەزەمی کە ئەم بابەتە دەنووسم، ئامانجێکی تایبەتیم هەیە، بەڵام ئەم ئامانجە بۆ من زۆر ڕوونە، من لەوەی خەڵکی سەربکەون، خۆشحاڵ دەبم، ئەزموون نیشانی داوم کە ئەگەر یارمەتیی ئەوانیتر بدەیت، زیاتر خۆیانیان خۆش بوێت، ژیانت ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبێت، ئەمەش کارێکی

پڕسوودە، هەندێك كەس كار دەكەن، مافەكانیان دەوێت، دەبێت مافەكانیان وەربگرن، مەگەر ئەمە كێشەیە؟ ئەگەر بەدوای بەرژەوەندییەكانتەوە بیت مەگەر كێشەیە؟ مەگەر كێشەیە هەر كەس بەدوای بەرژەوەندیی خۆیەوە بێت؟ پێویستە هەمووان بەدوای سوود و بەرژەوەندییەوە بن، بەڵام ئەوشتەی كە خراپە، ئەوەیە من بەرژەوەندیی خۆم لەزەرەری تۆدا ببینم، بەڵام گەر بتوانم بەرژەوەندیی خۆم لەبەرژەوەندیی تۆدا ببینم، باشترین جۆری بازرگانییە، باشترین جۆری كارە.

كەوابوو پێش ئەوەی بڵێیت من هەموو كەسم خۆش دەوێت خۆم نەبێت، كەمێك ئارام بگرە، ڕەنگە خەریكی فریودانی خۆت بیت، یان ڕێگەیەكی هەڵەت گرتووەتە بەر.

بووکی ژاپۆنی

جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم سەبارەت بە پەروەردە و کولتوور و میلەت و وڵاتانی جیاواز، گفتوگۆمان دەکرد. هاوڕێکەم باسی برایەکی خۆی بۆ گێڕامەوە. گوتی: من برایەکم هەیە لە ژاپۆن دەژی، لەگەڵ کیژێکی ژاپۆنی هاوسەرگیریی کردووە و خاوەنی منداڵێکیشن... منیش گوتم: کارێکی زۆر باشی کردووە. چونکە ئەو منداڵانەی بە دوورەگ لە دایک دەبن، بە هۆی ئەوەی دایک و باوکیان کولتووریان جیاوازە، لە ڕووی فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندترن. هەروەها پێشنیازم کرد: منداڵەکەیان فێری زمان و کولتووری ئێرانیش بکەن، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بزانێت کە بنەچەو ئەسڵی باوکی کێیە و لە کوێوە هاتووە و خەڵکی کوێ بووە و... تاد. هاوڕێکەم بزەیەکی جوانی کرد و پرسیم: بە چی پێ دەکەنیت؟ گوتی: بەڕێز موعەزەمی، شتێک دەڵێم ڕەنگە بڕوا نەکەیت! پێم وا نییە دایکی ئەو منداڵە دەرفەت بدات ئێمە شتێک

فێری ئەو منداڵە بکەین. گوتم: بۆچی، مەگەر چی بووە؟ گوتی: لەوانەیە بڕوانەکەیت بووکە ژاپۆنییەکەمان ژوورێکیان هەیە نەخشە و ئالآی ژاپۆن و هەرچییەکی تیایە ژاپۆنییە، هەموو ڕۆژێك بەیانیان ئەو منداڵە تەمەن سێ بۆ چوار ساڵە کە لەخەو هەڵدەستێت، دوای ئەوەی دەست و دەم و چاوی دەشوات، جل وبەرگی خاوێن دەپۆشێت و دەچێتە ئەو ژوورەوە، سەری ڕێز بۆ ئالآ و نەخشە و ئەو سمبوولانەی ژاپۆن کە لە ژوورەکەدا هەن نەوی دەکات.. دایکی بە زمانی ژاپۆنی هەندێك وتە دەڵێتەوە و ئەویش لە دوایەوە دەیانڵێتەوە.. هەندێك مانای وتەکانی ئەمانەیە: ژاپۆن من تۆم خۆش دەوێت، من بۆ تۆ دەژیم، من ئاوەدانت دەکەم، من خەبات بۆ سەر بلندی و بەرزیی ناوت دەکەم.. لەم جۆرە وتانە.

هاوڕێکەم پێکەنی و منیش پێکەنین گرتمی، چونکە لەوانیە لە خەیاڵدانماندا جێگەی نەبێتەوە ئەگەر ئێمە کارێکی لەم شێوە لەگەڵ منداڵەکانماندا بکەین.

لەخۆمم پرسی ژاپۆن بۆچی هێندە پێشکەوتووە، وەڵامی ئەم پرسیارەی من زۆر سادەیە، هەر بەم بەڵگەیە، چونکە ئەو میلەتە ئەشق و ڕێز و خۆشەویستییان بۆ خۆیان و بۆ خاك و وڵات و ئالآکەیان.. هەیە.

من حەزم لەزیادەڕەوی نییە و پەسەندی ناکەم، بەڵام کاتێك منداڵێك لە تەمەنی سێ یان چوارساڵیدا فێر بکرێت ڕێز لە ئاڵای وڵاتەکەی بگرێت، ڕێز لە سروودی نیشتیمانی وڵاتەکەی بگرێت، ڕێزی خاك و ناوی نیشتمانەکەی بگرێت، ئەو منداڵە کاتێك گەورە دەبێت، هەرچی توانستی هەیە، هەرچی فکر و باوەڕی هەیە هەمووی لە ڕێگەی ئەو بیرو باوەڕەی لە منداڵیدا تیاندا چاندووە سەرف دەبێت، هەمووی خزمەتە بۆ وڵاتەکەی، ئەم دایکە بەم شێوە پەروەردەیە، هێڵێ بۆ منداڵەکەی دەکێشێت، کە تۆ گەورە بوویت پێویستە چی بکەیت، کاتێك ئەم منداڵە گەورە دەبێت، لە ژێر کاریگەری ئەو سیستەمە پەروەردەییەی پاڵپشتی دەکات، تەواوی بیرو هۆشی لای ژاپۆنە کە چۆن ئاوەدانی بکاتەوە؟ چی بکات خەڵکەکەی خۆشحاڵ بن؟ چۆن پێشبکەون و چۆن بدرەوشێنەوە؟ هەر لەبەر ئەمەیە میلەتێکی وەکوو ژاپۆن لەسەر ئاسیی جیهاندا دەدرەوشێنەوە.

لە جەنگی جیهانگرەوەی دووەمدا دوو موشەکی ئەتۆمی لە هیرۆشیما و ناکازاکی درا کە گورزێکی زۆر سەنگینە بۆ میللەتێك، تا ئێستاش کاریگەری زیانەکانی ئەو شەڕە هەر بەسەریانەوە ماوە، هۆکاری ئەوەی ئەو دوو بۆمبەیان لێدا چی

بوو؟ چونکە نەیاندەتوانی حەریفیان بن و بەو ئەنجامە گەشتن کە ناتوانن رووبەڕوویان بوەستنەوە!

پێموابێت دە ساڵ یان دوانزە لەمەوبەر بوو کە بوومەلەرزەیەک دای لە شاری (کوویە) دوای مانگێك سەرۆکی شارەوانییەکەی خۆی کوشت، لەتەنیشت تەرمەکەی نامەیەکیان دۆزییەوە، نوسیبووی: "من سەرۆکی شارەوانی شاری (کووبە)، لەدوای تێەڕینی مانگێك بە سەر ئەم ڕووداوەدا نەمتوانیوە ئاوی شارەکەم دابین بکەم، من شایستەی ژیان نیم، بۆیە بڕیارمدا خۆم بکوژم". ئەو بەم هەستی بەرپرسیارەتییە گەرە ببوو کە لەمنداڵییەوە فێریان کردبوو.

ئەی ئێمە لە منداڵیدا چی فێری منداڵەکانمان دەکەین؟ منداڵەکانمان لە قوتابخانەکانمان چیان فێر دەکەن؟ لەماڵەوە چییان فێر دەکەین؟ منداڵەکانمان چۆن بیر لەخۆیان دەکەنەوە؟ ستراتیجی سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکەمانمان چییە؟ دەمانەوێت چجۆرە دنیایەك بونیاد بنێن؟ بەداخەوە من کاتێك دەچم بۆ وڵاتان لەباڵیوزخانەکاندا دەبینم هاوڵاتییەکانم ئەژداو ئاباوی خۆیان دەردێنن.. بۆ ئەوەی ویزایەك وەربگرن خراپترین جنێو و قسەی ناشرین بە خۆیان و بە سیستەمی وڵاتەکەیان دەڵێن.

به قەولی باوکم کە هەمیشە دەیگوت: بابە گیان دوو برا ئەگەر گۆشتی یەکتریش بخۆن، بەلاّم ئێسقانی یەکدی ناشکێنن. ئێمەیش لە جێگەی خۆمان دانیشتووین و بەردەوام خەریکی بچووك کردنەوە و شکاندنی یەکترین، کێ زەرەر دەکات؟

شێعرێکی حافزم بیرهاتەوە کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووین بۆیان دەخوێندینەوە، بۆ من ئەو شێعرە هەم مەتەڵ بوو هەم سەرنج ڕاکێش بوو. چیرۆکێك بوو کە کەسێك لەسەر لقی دارێك دانیشتبوو، خەریکی بڕینەوەی لقەکەی ژێر خۆی بوو، ئێمەش لە خەیاڵی منداڵانەی خۆماندا واماندەزانی هەر ئێستا لە درەختەکە بەر دەبێتەوە..

بەداخەوە ڕەفتاری زۆربەی هاوڵاتیانی من، زۆربەیان نەك هەموویان، چیرۆکی ئەو کەسەیە کە لەسەر لقی دارەکە دانیشتووە و خەریکی بڕینەوەی لقەکەی ژێر خۆیەتی، بێ ڕێزی کردن بەرانبەر بە خاك و ئاوی نیشتمان، بە نەریت و شاعیرەکانمان، بێ ڕێزی بەرانبەر بە پەیوەندییەکانمان، بە چیرۆکەکانمان، بێ ڕێزی بەهەموو شتێك دەکەن، بۆچی ئەو لقە کە لە سەری دانیشتووین دەیبڕینەوە؟ لەوانەیە بڵێن بەم کارانەمان ڕەخنە لەکەسانێك دەگرین، بەلاّم بە بۆچوونی من هۆکاری ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەقی (ڕێزگرتن لە خوود یان نەفس بەرزی) لە

دەروونماندا لە دەرەوە بونیاد نراوە، واتە لە سیستەمی پەروەردەی ئێمەدا پێماندەڵێن: "تۆ کاتێك کەسێکی چاك و بەنرخیت کە نمرەی بیست بهێنیت! تۆ کاتێك کەسێکی چاك و بەنرخیت ئەوانی دیکە پەسەندت بکەن، تۆ کاتێك کەسێکی چاك و بەنرخیت من پەسەندت بکەم.." کەوابوو ئەومندالانەی بەم شێوەیە پەروەردە دەکرێن، کاتێك گەورە دەبن، هەمیشە چاویان لە دەرەوەی خۆیانە، هەمیشە بیردەکەنەوە: (من چی بکەم تا ئەوانی دیکە پەسەندم بکەن؟ چی بکەم تا خۆشیان بوێم؟ چی بکەم بۆ ئەوەی ڕێزم لێبگرن؟ چی بکەم بۆ ئەوەی کەسێکی بایەخ پێدراو بم؟) سەرنج لە هەموو کەس و هەموو شتێك دەدەن جگە لەخۆیان، لە ژیانی خێزانداری لەبەر چاوی خەڵك گاڵتە بە هاوسەرەکەی دەکات، لەبەر چاوی دایك و باوکی هاوسەرەکەی دەشکێنێت بۆ ئەوەی پەسەندی کەسانی نامۆ بەدەست بهێنێت! هەرچی کەسەکان نامۆتر بن لای ئەو بەڕێزترن.

جارێکی دیکە لە بەرنامەیەکدا باسمکردووە، لەمیواندارییەك لەماڵی هاوڕێیەکم پیاوێکی سویسری میوان بوو، کاتێك هاتە ژوورەوە بەخاوەن ماڵەکەی گوت: "ئێوە ئەخلاقێکی سەیرتان هەیە"، ئەویش گوتی: "چ ئەخلاقێك؟" گوتی: "کە کەسێکی

ئەناس ڕووتان تێدەکات زۆر بە گەرم و گوڕی بە پیرییەوە دەچن و خزمەتی دەکەن، بەڵام بۆ خزم و خزیی وا نین و زۆر بایەخیان پێنادەن، هەرکەس بۆ خۆی کاری خۆی ئەنجام دەدات.."، گوتی: "ئاخر ئێمە میوانداری دەکەین"، گوتی: "من پێموانییە میوانداری وابێت، ئێوە کاتێکی زۆرتان بەسەر بردووە تا ئەو ژنە یان ئەو پیاوەتان ناسیوە، ئێستا پشتگوێیان دەخەن و دەنوسێن بە کەسێکی تازە و ئەناس بۆچی؟". هەڵبەت ئەوکات من وەڵامەکەیم نەدەزانی، بەڵام ئێستا پێم وایە هۆکەی ئەوەبێت بڵێین خۆمانەیە و ناسراوە و پەسەندی کردووین، دایکی منداڵەکانە، تەواو ئێمە ئیتر هاوسەرگیریان کردووە.. لە بەرانبەردا پەسەند بوونمان لای ئەوانی دیکە بۆ گرنگە، بۆچی؟

بۆچی ئەو لقەی لەسەری دانیشتووین دەیبڕینەوە؟ دەمانەوێت چی بسەلمێنین؟ یان بۆنموونە، لە وڵاتانی دیکە هەندێ جار کە قسەوباس دەکەین، بۆچی لە بەرانبەر بێگانەکاندا دەست بە خۆشکێنی دەکەین و قسەی ناشرین بە خۆمان دەڵێین؟ یان بە پێچەوانەوە کاردانەوەی توند لە خۆمان نیشان دەدەمین کەخودی ئەم کارەش دیسان بەهۆی هەستکردنە بە نا ئەمنی، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا زیاتر ئەم بابەتە ڕووندەکەمەوە. بۆچی ئەم کارانە دەکەین؟

ئەو بووکە ژاپۆنییە، کە نەم دیووە و تەنیا ناویم بیستووە، لە ناخی دلّمەوە زۆر سوپاسی دەکەم. چونکە فێری کردم، منیش منداڵەکانم فێر بکەم، بەبێ ئەوەی کە ناچاریان بکەم. گرنگتر لەوە خۆم ئەو شتە بم کە دەیلێم، ئەگەر وابم ئەوان خۆیان دەزانن و ئەنجامی دەدن. با ئیمەیش لە ماڵەکانمان نەخشەیەکی وڵاتەکەمان هەبێت، منداڵەکانمان خاك و ئاوی نیشتیمانەکەیان بناسن، شارە جیاوازەکان بناسن، ڕۆژانی پشوو بۆ سەردانی شارەکانمان چین. جارێك بۆ شیراز، جارێك بۆ کوردستان، ڕۆژێك بۆ ئازەربایجان، ڕۆژێك بۆ باشوور، بۆ سیستانی بەلوچستان، بۆ ئەهواز و ئابادان.. بۆئەوەی منداڵەکانمان بزانن کە ئێمە لە چەندین نەتەوەی جیاواز و کامڵ پێك هاتووین و دەتوانین لەیەکتریەوە شت فێربین.

بێگومان ئێوەش دەرفەتتان بۆ ڕەخساوە هاوینان بەشوێنە گەشتیارییەکانی وڵاتدا گەشت و سەیران بکەن. من ڤیلایەکم هەیە لە (کلاردەشت) زۆر سەردانی دەکەم، بیرمە ١٥ ساڵ بەرلەئێستا ئەو دەڤەرە گەلێك پاکوخاوێن و قەشەنگ بوو.. بەڵام ئێستا ئەو جۆگەی کە بە بەردەمی ماڵەکەی مندا دەڕوات پڕە لەخاشاك و دەبەی ئاو و هەرشتێك بیری لێ بکەیتەوە.. زۆرم پێ ناخۆشبوو، بیرم لێ دەکردەوە.. گەورەترین کێشەی مرۆڤ ئەوەیە کەم پێشبینی دواڕۆژ دەکات. جیاوازی مرۆڤە سەرکەوتووەکان لەگەڵ مرۆڤە دۆڕاوەکان ئەوەیە کە مرۆڤە سەرکەوتووەکان ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەکانی ئەمڕۆیان لە دواڕۆژدا دەبینن، واتا دەزانن خەریکی چین و چی دەکەن.. تەنیا بیر لەو چرکەساتە ناکەنەوە کە تێی دا دەژین. بەڵام مرۆڤە دۆڕاوەکان وەکوو منداڵان

وان تەنیا بیر لەو لەو چرکەساتە دەکەنەوە کە تێیدادەژین، هەرگیز بیر لەناکامی کار و ڕفتارەکانیان ناکەنەوە!

بۆچی ئەم بابەتە ناوی (مەرگی لەسەرخۆ)یە؟ زانست سەلماندوویەتی بۆنەوەی دەبەیەکی ئاو بگەڕێتەوە بۆ سروشت لانیکەم ٥٠٠ ساڵ کاتی دەوێت! ئەگەر سەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەیت، دەبینیت خۆڵ و خاشاکیان دابەشکراوە. پلاستیك بەجیا، کاغەز بەجیا، ڕۆژنامە بەجیا، بەو هەموو سەروەت و سامان و سەرکەوتن و پێشکەوتنە بەرچاوە، بەودەرەنجامە گەیشتوون، کە ئەگەر ئەم پاشماوە و مادانە لەسروشتدا پشتگوێ بخەن، دوای چند ساڵێك ژینگەکەیان لەنێودەچێت. وڵاتی ئێمە کە وڵاتیکە تازە پێی خستۆتە نێو پیشەسازیەوە، دەبێت بەباشی فێربین چۆن ژینگەکەمان بپارێزین، ئێمە پێویستمان بەوەنییە لەڕێگەی ئەزموونەوە، کیشە و گرفتەکانی ژینگە تێ بگەین. گۆی زەوی هی ئێمە نییە، ئامانەتێکە لای ئیمە، دەبێت ڕادەستی منالەکانمانی بکەین. ئەگەر موڵکی ئێمەیش بێت بۆمان نییە وێرانی بکەین، یەك دانە گۆی زەوی هەیە حەیفە با خراپی نەکەین.

ئەوکەسانەی کە خاشاك فڕێ دەدەنە نێو جۆگەکان، یاخود ئەوکەسانەی لەشوێنە گشتییەکان و لەشەقامەکاندا پاشماوە بەجێ

دەهێڵن، یان ئەوکەسانەی بەماشێنی ئاخیرمۆدێلەوە تۆزێکلی مۆز و تۆێکلە گوڵەبەرۆژە فڕێ دەدەن، ئەمانە کەسانێکی خراپ نین، بەڵکوو پەروەردەیان خراپە، ئەم کەسانە دیارە پەروەردەی دروست نەکراون، هەر بۆیە ناشزانن گرنگی کارەکانیان چییە، نازانن پیسکردنی سروشت چ زیانێکی هەیە!

بێگوومان ئێوەش چەندینجار بەسەرتان هاتووە لەترافیکدا گیرتان کردبێت، هەرکەس بۆخۆی هەوڵدەدات ڕێگایەک بدۆزێتەوە و لە جەنجاڵی ترافیک خۆی قوتار بکات. دیومانە کە چۆن شۆفێرەکان بۆنەوەی لە قەرەباڵغی بێنەدەرەوە لەهێڵی خۆیان دەردەچن، ڕێگەی ئەوەی دوای خۆیان دەگرن و مەجالی یەکتر نادەن، پاش کەمێک فلکەکە قوفڵ دەبێت و دەست دەکەن بە هۆڕن لێدان و.. بەڵام ئەگەر کەمێک ڕاوەستن و ڕێگەی بەرانبەرەکەیان بدەن، فلکەکە چۆڵ دەبێت، کە چۆڵ بوو، دەتوانن بڕۆن. بەڵام کاتێک من بێمە پێشەوە ڕێگەی ئەوەی دوای خۆم بگرم و ئەویش بەردەمی دانەیەکی تر بگرێت و دانیەکیتر بەردەمی یەکێکی تر بگرێت، ئیتر جوڵەی ترافیک دەوەستێت، حەزدەکەم دەرچم بەڵام پێویستە ڕێگە بدەم. بۆنموونە لەشەقامیکدا گیرمخواردووە و دەتەوێت بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆیت یەکێکی تر دەیەوێت بەرەو ڕۆژئاوا بچێت، ئەگەر بهێڵیت ئەو بڕوات، ڕێگە

بۆتۆش دەکرێتەوە. تاکوو یەکێکتان یارمەتی ئەوی تر نەدات کەستان ناتوانن تێپەڕن. بۆیە پێویستە ماف و ئەرك و پەیوەندیەکانمان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ژینگە بزانین.

چەندسالێك لەمەوبەر لەبیرمە بابەتێکم خوێندەوە لەسەر "بەخۆنامۆبوون یان ئەنینەیشن" یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی مرۆڤ بەخۆنامۆبوونە. هەڵبەت ئەمە هۆکاری زۆرە. مرۆڤ کاتێك بەخۆی نامۆ دەبێت، ئیتر نازانێت کێیە، نازانێت چیی دەوێت، ئیتر چێژ لە ئاوازی بولبول و باڵندەکان وەرناگرێت، ئیتر چێژ لە بۆنی گوڵ و دیمەنی سەوزەڵانی و نمەی باران.. وەرناگرێت! ئازار دەچێژێت پێی وایە دەبێت حەپێك بخوات یان تەماشای فیلمێك بکات یان بخەوێت.. لە کاتێکدا وانیە. دەروونی مرۆڤ پیوستی بە بینینی گوڵ و سەوزایی هەیە، پێویستی بەئاوازی باڵندەکانە، مرۆڤ پێویستی بەوەیە گوێ بگرێت لەدەنگی خورەی ئاوی جۆگە و کانیاوەکان و دەنگی با.. پێویستییەکانی مرۆڤ تەنیا خەو و خۆراك و سێکس و ماڵ و ئیمکاناتی ماددی نییە، ئەمانەش هەن.

منداڵێك کە لەشاردا چاودەکاتەوە و لە شوقەدا گەورە دەبێت، نازانێت کاری درەختکاری و باخەوانی چییە، ئاشنا نییە بە ئاژەڵان.. پێویستە فێربین ئەم دنیا کاتێك بۆ ئێمە جوانە کە

پەیوەندییەکانمان وەکوو گوندنشینێک بێت، گوندنشینێکی ڕەسەن ئاوی خاوێن لێڵ ناکات، لەخۆوە چڵەدارێک نابڕێت، لەخۆوە گیا نابڕێت، چونکە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ درەخت و ژینگە دەزانێت، لەگەڵ ئاژەڵان پەیوەندی هەیە.. لەم سەردەمەدا ئێمە بەجۆرێك لە جۆرەکان نامۆبووین بەخۆمان و بەمرۆڤەکان و بەسروشت! بیرمانچووە گوڵدانێك ئاوبدەین، سەردانی دراوسێکانمان بکەین، بیرمانچووە ئەسڵەن دراوسێیەکمان هەیە، ئەسڵەن منێك بوونی هەیە گوێی لێ بگرم بزانم چی دەوێت!

نامۆبوون بەخورد، ئەنجامی زۆر ترسناکی هەیە، چ لەسەر ئاستی تاك و چ لەسەر ئاستی خێزان و چ لەسەر ئاستی دنیاش. کاتێك هەوا ئالوودە بوو، ئیتر هەمووان هەوای پیس هەڵدەمژن. تێچووی بودجەی وڵاتێك کە بۆ پیسبوونی هەوا خەرجی دەکات سەرسوڕهێنەرە. دەبێت بەئاگا بێینەوە و چاوەکانمان بشۆرین و بەجۆرێکی تر ببینین. با هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆتین بێینەدەرەوە، با زبڵ و خاشاك نەڕێژین لەشەقامەکان، نەك لەبەرئەوەی پێمان بڵێن کەسێکی باشە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی گرێدراوین بەسروشتەوە، نابێت ئاوی ڕووبارەکان پیس بکەین، پیسی بکەین خۆماد زەرەرمەند دەبین و سزا دەدرێین.

چیرۆکی سورپێستەکان بخوێننەوە، زۆر بەجوانی باس لە پەیوەندیەکان دەکات لەگەڵ سروشت. بیستوتە دەڵێن خودا تورە دەبێت؟ دەی ئەگەر بێ ڕێزی بە سروشت بکەین توڕەدەبێت. بێڕەحمانە جەنگەڵ و درەختەکان دەبڕین لەپێناو بەرژەوەنییەکانمان دەڵێین ئەم بەشەمان ئاوەدانکردووەتەوە! ئاوەدانی یانی چی؟ ئەو هەموو وشکەساڵی و لافاو و وێرانییە دەرەنجامی چیە؟ با پرسی ژینگە بەجددی وەربگرین، کارێکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە، پیسکردنی ئاوی ژێرزەوی کارێکی سەخت نیە.

من ڕۆژێك لە شاری تاران سەردانی هاوڕێیەکمم کرد، بیرێکیان هەیە کە ئاوی درەختەکانیانی پێ دەدەن. وتم: بۆچی ئاوی ئەو مەنهۆڵە دەخەنەسەر ئەو کۆلانە؟ وتی: مەنهۆڵ نییە، ئاوی بیرە. بڕواتان هەبێت ئەو ئاوە ڕێك ئەتوت مەنهۆڵە! ئەو بیرەش ڕۆژێك لەڕۆژان ئاوەکەی خاوێن بووە. بەڵام بەداخەوە وا خەریکە هەموو ئاوەکانی ژێر زەوی پیس دەبن، بۆچی؟ چونکە کۆتابینین دەڵێن ئێستا بۆ من هیچ ڕوونادا ئاوم هەیە..!

چی جوابی ئەوەی دوارۆژ و مناڵەکانمان بدەینەوە؟ سبەینێ دەپرسن باوباپیرانیان چییان کردووە؟ دەپرسن بۆچی بیریان باپیرانیان بیریان لە دوارۆژ نەکردووەتەوە و پێوەندیان لەگەڵ سروشت نەبووە..؟ ئەو شارەی کە من لە کەنەدا لێی دەژیم،

نموونەیەکی زۆر جوانە، کاتێك بە کۆلانێکدا دەڕۆیت لەپڕ دەگەیت بە جەنگەڵێکی دەستلێنەدراو، دووبارە دەچیتەوە سەر کۆلانیکی تر درەختی وای تێدایە لەوانەیە تەمەنی هەزار ساڵ بێت! هەر شوێنێك پێویست بووبێت کردویانە بەشەقام، هەر جێگەیەکیش پێویستی نەکردبێت دەستیان لێنەداوە، لەبەر ئەوەی پێکهاتە سروشتییەکەی نەشێوێنن. لە وەرزی بەهاران و پایزدا، ورچەکان لەگەڵ بێچووەکانیان دێنە ناو ماڵەکانەوە، بەڵام تا ئێستا نەم بیستوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ورچێك پەلاماری کەسێکی دابیت یان زیانێکی دابێت، خەڵکەکەش هەندێکیان دەترسن بەڵام تەلەفون بۆ پۆلیس دەکەن دوریان دەخەنەوە، لەگەڵ بێچووەکانیان دێنە حەوشەی ماڵانەوە میوەدەخۆن و دواتر دەڕۆن، خەڵك وینەیان دەگرن خۆشحاڵن ئاژەڵێك لەوێ دەژی. پێویستە لە بیرمان بێت کە پێش ئێمە، ئاژەڵان لێرە بوون. ئەگەر لە کۆلانەکەتان دەنگی باڵندە یان دەنگی بولبول هات، بڕۆن لەبەردەم ئاوینەیەك بوەستن و ماچێکی گۆناتان بکەن، چونکە ئەوەندە شایستە بوون ئەم میوانە ئازیزانە دێن بۆ سەردانتان، ئەگەر دەمانەوێت شادومانبین، دەبێت کارێك بکەین پۆلە باڵندەکان پایز و بەهار بێنە ماڵەکانمان و بە شارەکانماندا تێپەڕن.

دەبێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خۆمان و سروشت و مرۆڤەکان بەجددی بگرین، دەبێت بەرپرسیاری لە ئەستۆ بگرین سەبارەت بە خۆمان و خێزان و شار و وڵاتەکەمان و پاشانیش دنیا. دەبێت شار و وڵاتەکەمان و دنیاش خاوین رابگرین. دەبێت داوا لە بەرپرسان بکەین سیستەمێك دروست بکەن بۆ ئەوەی زبڵ و خاشاك بەجیابن، ببرێن لە شوێنێك کۆبکرێنەوە و پاشان ریسایکلین بکرێنەوە. ئەم خاشاکانە بەرواڵەت لە بەرچاومان ون دەبن، وەك ئەوەیە بەرماوەی خواردنەکەمان بخەینە ژێر فەرشیماڵەوە، لەژێر فەرشەکە نایبینین، بەڵام ماڵەکەمان بۆگەن دەکات و زیانەکەیشی قەرەبوو ناکریتەوە.

ئەو ساڵانەی لە تاران بووم، خووم گرتبوو بەچیاکانی "دەربەند و پە سقەل" بەیانیان زوو، بەپێ دەرۆشتم خۆم دەشۆرد و پاشان دەگەرامەوە، داوام لە هاورێکانم دەکرد کە سابوون و لفکە بەکار نەهێن، چونکە ئێرە حەمام نییە، دوشێك بگرن و جەوێك لەو ناو و هەوا و سروشتە جوانە وەربگرن و برۆینە. یادی بەخێر بەیارمەتی ئەوان چەندە خاشاکمان کۆدەکردەوە لەناو کیسەی نایلۆنمان دەنا و دەمان هێنایە خوارەوە.

پیشنیاردەکەم: چاوەروانی بەرپرسان مەبن یان کەسێکی تر کارێك بکات، خودی خۆمان، واتە ئێمەی خەڵك، کە چووینە هەر

جێگەیەک، سەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان خاشاک فڕێ نەدەین، فێرین چۆن پاشماوەکان کۆبکەینەوە، ئەگەر کەسێکیش پاشماوەی فڕێ دا، بە ئەدەب و ڕێز و میهرەبانییەوە، نەک بە شەڕ و توڕەییەوە، دوای لێ بکەین خاوێنی ژینگە بپارێزێت و خەوشوخاڵ فڕێ نەدات. ئەگەر بشکرێت عەلاگە لەگەڵ خۆمان بەرین باشترە، لەهەر شوێنێك بووین دوو سێ دەبە و قاپی پلاستیکی کۆبکە ینەوە، ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە. ئەگەر چەند ملیۆن کەس ئیستا بڕیار بدەن، بە جارێك چەندین ملیۆن دەبە و قاپی سەفەری کۆدەبێتەوە، پاشان ریسایکلین بکریتەوە، ئەوکات ژینگەکەمان بە جوانی دەمێنێتەوە.

هەروەها پێشنیار دەکەم: ئێمە گەنجی زۆرمان هەیە کە ولاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت، ئەزموون نیشانیداوە، ئەگەر خەڵك لەکاری ولاتدا بەشداریان پێ بکرێت، یاخود تاکەکان ئەگەر لە کاری ماڵەوەدا بەشداریان پێبکرێت، یان کارمەندان لە کۆمپانیاکەیان بەشداریان پێ بکرێت، ئەو شوینەیان زیاتر خۆشدەویت. ئەو شارە یاخوود ئەو دەڤەرەی کە لێی دەژین ئەگەر شاخی لێیە، گروپێك دروست بکەن لەگەڵ بەرپرسان گفتوگۆ بکەن کە یارمەتیتان بدەن، ئەو شوێنانە کە وشك و ڕووتەنەنن، دەتوانن درەختی لێ بڕوێنن، گەنجان تیم دروست بکەن دە نەفەر و

پانزە ئەفەر پێکەوە کار بکەن، بەڵام لەژێر چاودێری وەزارەتی ژینگە و شارەوانی و لایەنی پەیوەندیدار، دەست بکەن بەئەمام وەرگرتن و ئەمام چاندن، ئەو شوێنە بکەن بە پارك، ئەگەر ناوی ئەو پارکە بە ناوی ئەو تیمەوە بێت، لە دەرگاکەی تابلۆیەك هەڵواسن کە ئەم گەنجانە ئەم تەمەن و لەم سن و ساڵەدا ئەم پارکەیان دروست کردووە، ئەگەر بەناوی ئەو تیمەوە بێت، ئەندامانی ئەو تیمە بەئەرکی خۆیانی دەزانن تاکۆتایی تەمەنیان بیپارێزن.

ئەوگەنجانەی کە ئێمەیان دەکەین و پێیان دەڵێین بێکارن و دوای مادەی هۆشبەر دەکەون.. پێناخۆشە هەست بکەن بەسوود و کاریگەرن، بەڵام پێویستە ئێمە ڕۆڵیان پێ بدەین و ڕێگایان بۆ بکەینەوە، جددی بین لەگەڵیان، نەیانشکێنین، خۆشمان بوێن، دەستیان بگرین بۆ ئەوەی کارێك بکەن هەم لە بەرژەوەندی خۆیاندابێت و هەم لە بەرژەوەندی ئەوانیتر بێت. دڵنیام ئەم گروپانە ئەگەر بە مەشکە و بە سەتڵیش بووە ئاودێریی دەکەن ئەو درەختانە بە سەوزیی ڕادەگرن. دەتوانن بەهێز و هیمەتی خەڵك هەموو شاخەکان بکەن بە جەنگەڵ. بەڵام ڕێگە بدەن پارکەکان بەناوی ئەو گەنجانەوە بێت، ئەوگەنجانە چونکە بەناوی خۆیانەوەیە خۆشیاندەوێت، ئەمە جگە لەوەی فێری ئەوە دەبن کاری هەرەوەزی

بکەن و ببنە دۆست و هاوڕێ یەکتری..، فێری ئەوە دەبن وڵات بە هی خۆیان بزانن و پێویستە بەسەوزی و ئاوەدانی رایبگرن، فێردەبن بیپارێزن.. تکادەکەم بیرێك لەم پێشنیارە بکەنەوە. ئەگەر بەرپرسێك هەبوو حەزی کرد وردەکاری ئەم نەخشەیە بزانێت، وردەکارییەکانیان پێشکەش دەکەم بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك. خۆیشم چیم لە دەست بێت، دریغی ناکەم. ڕیکلامیشی بۆ دەکەم. بەڵام ئەگەر رێکخراوێك، کەرتی تایبەت، یان خودی خەڵك ئەم کارە بکات باشترە. ئەو کات ئیتر کەس زبل نارێژێت. دەتوانین لە رێگەی پەروەردەوە ئەم کارە بکەین، ئەو هەموو رادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤارە هەیە، مرۆڤ بەپەروەردە پێش دەکەویت، کەسێکی سەرکەوتوو لەگەڵ کەسیکی دۆڕاو لە ٩٥٪ جیاوازییان پەروەردەیە. کەسێك کە هەمیشە لە ناو کیشە و قەیراندایە لەچاو کەسێك کە لە رووی ئابوورییەوە.. سەرکەوتووە، جیاوازیان چیە؟ ئەویان چووە بۆ زانکۆ خووێندویەتی کارامەیی بەدەستهیناوە و فێربووە، ئەمیان نەچووە و فێرنەبووە، ئەمیش پەروەردە بکرێت وەکوو ئەو سەرکەوتوو دەبێت.

دەبێت پرسی پەروەردە بەجددی بگرین، بەتایبەت ئەو پەروەردەیەی کە یارمەتیمان دەدات کەمێك زیاتر لە نوکی لوتمان ببینین. دەبێت فێربین ماڵەکانمان و شارەکەمان و وڵاتەکەمان

دنیا بەخاوێنی ڕابگرین. ئەم دنیا لای ئێمە ئەمانەتێکە، دەبێت بە خاوێنی ڕادەستی منداڵەکانمانی بکەین، هەروەها ئەوانیش دەبێت فێربن خاوێنتر ڕادەستی نەوەکانی دوای خۆیان بکەن.

ئەم ڕازە لە کێ شاراوەیە؟

لەبیرمە زەمانی زوو کوڕێکی گەنج وەك بەڕێوەبەری گشتی لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی مندا کاری دەکرد، پاش ماوەیەك کارکردن، ڕۆژێك هەندێك لە هاوڕێ و هاوکارەکانم هاتنەلام و دەستیانکرد بەگلەیی و گازندەکردن، گوتیان ئەو کوڕە کێشەی هەیە، ڕەفتاری باش نییە، خۆی زۆر پێ هۆشیارەترە و ئەوانیتر بەگێل دەزانێت، کارەکانمان بچووك دەنرخێنێت... تاد.

منیش یەك دووجار هەولّم دا کە قسەی لەگەڵ بکەم، پێی بڵێم ئەو تێستەی کە تۆ بۆ پێوەری زیرەکی داتناوە هەڵەیە، چونکە مەسەلەیەکی پێدەپێویت کە خۆت وەڵامەکەی دەزانیت و پێت وایە ڕاستە، پاشان بەوانیتری دەڵێیت و ئەوانیش وەڵامەکەی نازانن، دواتر لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێیت ئەمانە گێژ و حۆلن! گریمان کە سەلماندیشت ئەوان حۆلن، تۆ چیت دەست دەکەوێت؟

بۆچی حەز دەکەیت خۆت لەبەرتر ببینیت؟ بۆچی پێت وایە تۆ تەنیا کەسێکت کە زۆر هۆشیاری لەنێو ئەم سیستەمەدا؟

دژایەتیم نەکرد، ماوەیەك تێپەڕی، دیسان دەنگی ناڕەزایی هاوکارەکانم بەرزبووەوە، تاکوو ڕۆژێك پێم گوت: هاوڕێی خۆشەویست دەمەوێت تکات لێ بکەم کەمێك بەسەرنج بیت. گوتی: مەبەستت چییە بەڕێز موعەزەمی؟ گوتم: دەمەوێت بڵێم کە تۆ کەسێکی کامڵ نیت، ئەمەت قبووڵە؟ گوتی: بەڵێ، بەڕێز موعەزەمی هیچ کەس کامڵ نییە گوتم: من کارم بەسەر هەمووانەوە نییە: مەستم تۆیە، ئایا تۆ ئێستا شتی زیاتر دەزانیت یان ساڵی پار؟ گوتی: بێگومان من ئێستا زیاتر دەزانم گوتم: بەئەگەری زۆر ساڵی ئاینده شتی زیاتر دەزانی یان ئێستا؟ گوتی: ئاشکرایە بەڕێز موعەزەمی ئەمە چ پرسیارێکە دەفەرمووی؟ بێگومان ساڵی ئاینده من لە ئێستام شتی زیاتر دەزانم گوتم: کەواتە ئەمەت قبووڵە کە ئێستا شتانێك نازانی دواتر فێریان دەبیت؟ وەکوو غافڵگیر بووبێت کەمێك پرتەپرتی کرد و ئینجا گوتی: مەبەستت چییە؟ گوتم: مەبەستمە تکات لێ بکەم سێ خاڵی لاوازی خۆت لەکاری بەڕێوەبردندا دەسنیشان بکە، خۆت قبووڵتکرد کە کەسێکی کامڵ نیت و شتانێك نازانیت کە ساڵی ئاینده فێریان دەبیت، بۆیە تکات لێ دەکەم هەر ئێستا سێ خاڵی

لاوازی خۆت لەکاری بەڕێوەبردندا لەسەر کاغەزێك یاداشت بکە با پێکەوە لەگەڵ هاوکارەکانم یارمەتیت بدەین و چارەسەریان بکەین.

زۆر درێژەی پێدا، بەڵام من پێم گوت: ئێمە تەنیا بەم مەرجە دەتوانین پێکەوە کار بکەین خۆت قبووڵتکرد کە کەسێکی کامڵ نیت، کەواتە بیڵێ لەکوێدا کامڵ نیت با من و هاوکارەکانم یارمەتیت بدەین؟ هەرچۆن بوو دوای مانگێك دواجار لە ڕێگەی خانمێکی سکرتێرەەوە نامەیەکی بۆ ناردم، کاتێك ئەو خانمە هات بۆ ئۆفیسەکەم، بینیم نامەیەکی ئاسایی پێیە و سێچوارجار تیپ بەسەر نامەکەدا هاتبوو، لەسەر بەرگی نامەکە نووسرابوو: نامەیەکی زۆر تایبەت و ڕازدار و برایانە، بگات بەدەستی بەڕێز موعەزەمی، تکایە تەنیا ئەو بیکاتەوە... هتد. کە سەیری نامەکەم کرد لەڕێگەی دەستوخەتییەوە زانیم نامەی ئەو بەڕێوەبەرە گەنجەیە، تەلەفونم بۆ کرد و سوپاسیم کرد گوتم: من یەك سەعاتی تر دەگەمە لات. پاش سەعاتێك ڕۆشتم بۆ ئۆفیسەکەی تکام لێ کرد تەلەفونەکان دابخات بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەین. وایزانی نامەکەیم خوێندووەتەوە، نامەکەیم خستەبەردەمی لەسەر مێزەکەی گوتم: ئازیزی من، بۆچی نووسیووتە ڕازدار و تایبەت...؟ ئەم ڕازە لەکێ شاراوەیە؟ ئەم

ڕازە هی کێیە؟ ئەم سێ خاڵە لاوازەت لەکێ شاراوەیە؟ خەڵك بەهۆیانەوە ڕەنج دەبەن. ئەم ڕازە تەنیا لە خۆت شاراوەیە، ئەگەر دەرگای دڵت بکەیتەوە بۆ خەڵك، چوار خاڵی تری بۆ زیاد دەکەن، خۆتیت کە نازانیت. بۆچی نووسیوتە: ڕازدار و مەحرەمانە؟ بۆچی هێندە تیپت لێ داوە؟".

خۆشەویستان مەبەستمە بڵێم: ئێمە کێشە ئەخلاقی و ڕەفتارییەکانمان لە خۆمان شاردراوەن، ئەگینا خەڵك دەزانن. ئەگەر من پیاوێکی بەدئەخلاق بم خۆ هاوسەرەکەم دەزانێت، ئەگەر من کەسێکی توڕە بم خۆ هاوسەر و منداڵەکانم و دەرودراوسێکانم و هەمووان دەزانن، ئەوە تەنیا خۆمم کە نازانم بەدئەخلاقم... ئەوە منم بەدئەخلاقم و خۆم بەکەسێکی جەربەزە نیشان دەدەم! نا، بەڕێزان ڕازێك لە ئارادا نییە، بڕۆن لەخەڵك و دەرودراوسێ و منداڵەکانتان بپرسن، ئەگەر متمانەیان پێتان هەبێت، ئەگەر خۆشیانبووێن، ئەگەر لێتان نەترسن، لیستێکی دوور و درێژتان پێ دەدەن کە لە چ ڕوویەکەوە پێویستە خۆتان چاك بکەن.

دەوروبەرەکەمان وەکوو ئاوێنەیەکی لێڵی چلکن وایە، ئێمە تەنیا خەیاڵێك و وەهمێك و سێبەرێك لە حەقیقەتی تێدا دەبینین. ئەو لێڵی و چلکنییە، هی ئەوە نییە ئەوان نایانەوێت

ڕاستییەکانمان پێبڵێن، بەڵکوو ئێمە نامانەوێت. ئێمەین هەڵمانبژاردووە کە ئاوێنەکە ڕوون و تروسکەدار نەبێت،

ئێمەین هەڵمانبژاردووە ژەنگاوی بێت، چونکە جورئەتی دیتنی حەقیقەت و واقیعمان نییە، بۆچی دەترسین ڕووبەڕووی کێشە و گرفتەکانمان ببینەوە؟ چونکە بەهەڵە پێمان وایە دەبێت هەمیشە کەسێکی کامڵ و بێ کەم وکورت بین!

ڕۆژێکیان نانی نیوەڕۆمان دەخوارد کەسێك باسی ئەوەی دەکرد کە باخێکیان کڕیوە، گوتی: پاسەوانی باخەکە کەسێکی نوێژکەر و ڕۆژووگرە...، بەڵام بەدزییەوە بەفەردە میوە دەچنێت و دەیبات!

بێگومان پاسەوانی ئەو باخە ئێستا لە خەیاڵی خۆیدا پێی وایە بەندەیەکی گوێڕایەڵی خودایە و فەرمانەکانی خوا موو بە موو جێبەجێ دەکات. بەڵام کاتێك من و تۆ لەدەرەوە کە سەیری ئەم کارەی دەکەین ئایا هەمان بیر و باوەڕ و ئەندێشەی ئەومان هەیە؟

خودا سەدان جار زیارتر لە ئێمە بەئاگاترە. ئایا ئەم ڕەفتارە کە بەبێ پرس و مۆڵەت وەرگرتن ماڵی کەسێك ببەیت لەگەڵ ڕەفتاری خواپەرستی هەماهەنگە؟! ئەوکەسە دیارە لەمانای نوێژ و خواپەرستی تێنەگەشتووە و خۆی ناناسێت، مۆڵەت بە هاوسەرەکەی نادات پێی بڵێت کابرا ئەو کارەت غەڵەتە، ڕێگە

بەمنداڵەکانی و بە چواردەورەکەی نادات وێنەی حەقیقی خۆی نیشان بدەن.

ئەگەر خاوەن باخ بێت و پێی بڵێیت کاکە بۆچی بەبێ پرس ئەم کارە دەکەیت؟ ئەم کەسە جوابی چییە؟ ڕەنگە بڵێت دەی مەگەر چی بووە، دوو گوێز ئەوە دەهێنێت؟! چونکە لەبنەماوە نایەوێت ددان بەڕاستییەکاندا بنێت.

ئێمە ئەگەر گیروگرفتە ئەخلاقی و ڕەفتارییەکانی خۆمان بە (وەزن) بچوێنین دەبین بە (کێش هەڵگرێك)کە تا ئاستێکی دیاریکراو دەتوانین وەزن هەڵ بگرین.

ڕێگەی دروستیش ئەوە نییە ڕاستەوخۆ و بێ پەردە لە زەوقی خەڵك بدەین و بڵێین تۆ هەڵەیت. یەکێك لەو هۆکارانەی کە ناوێنەکە بە ژەنگاوی دەهێڵینەوە ئەوەیە کە توانای بینینمان نییە.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە من پێم وایە کاتێك من مرۆڤێکی چاکم، کاتێك کەسێکی خوازاوم، کە بێ هەڵە و بێ کەموکورتی بم! لە کاتێکدا وانییە، وا فێر کراوم. مرۆڤی خوازراو لەگەڵ مرۆڤی ناقس جیاوازی هەیە. مانای ئەم وشەیە لە زیهنی ئێمەدا هەڵەیە. هەر کەسێك دەتوانێت هەموو چرکەیەك هەڵە بکات، هەڵەکردن لە خۆیدا کێشە نییە، سروشتی ژیان وایە، بەڵام

ئەوە کێشەیە هەڵەیەك چەندین جار دووبارە بکەینەوە و ئامادەش نەبین قەرەبووی بکەینەوە و داوای لێبووردن بکەین و بڵێین هیچ نییە، مەگەر چی بووە؟! دەی کارێکی خراپە، تۆ دزیتکردووە.

لێرەدا شتەکە ئیتر دەبێت بە مەبەست، لە دینەکەماندا دزیکردن کارێکی حەرامە بەڵام لێرەدا ئەم بەشەی دەسڕینەوە و نامانەوێت ببینین و بیبیستین و ئەو بەشەی ڕێوڕەسمی موسڵمانی پشتگوێ دەخەین!

ئێمە دەبێت فێر ببین مۆڵەتی دەوروبەرەکەمان بدەین، ئەگەر کێشە و گرفتێکیان لە ئێمەدا بەدی کرد بەڕووی خۆشەوە و بەبێ ترس پێمان بڵێن، هەروەها ئێمەیش دەبێت بەڕووی خۆشەوە قبووڵی بکەین و سوپاسیان بکەین. ئێمە دەبێت بزانین کە زۆر دەربارەی خۆمان نازانین، چاوی من هەموو دنیا دەبینێت بەڵام خۆی نابینێت!

ئەگەرکەسێك ڕەخنەی لێگرتین دەبێت سەرەتا سوپاسی بکەین، چونکە هەواڵێکی پێداوین، نابێت بەچاوی دوژمن سەیری بکەین، بۆچی؟ چونکە ئێمە لە نەقسەوە بەرەو کەماڵ حەرەکەت دەکەین، هیچ کات کامڵ نیین، هەمیشە نەقسمان هەیە، ئەمەش سروشتییە، تەنیا ڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەم و کورتییەکانمان ئەوەیە مۆڵەت بدەین و چاو و گوێمان کراوەبن، لە

ڕەفتاری خەڵکەوە دەتوانین بزانین کارەکانمان دروستن یان هەڵەن، دەبێت کارەکانمان بە پێوەرەکانمان هەڵبسەنگێنین، نەک ئەوەی هەرچی خەڵك گوتی بڵێین بەسەرچاو. یەکێك لە پێوەرەکان، قسەی خەڵکە دەربارەی ئێمە چی دەڵێن؟ ڕەفتارەکانیان لەگەڵ ئێمە چییە و چۆنە؟ هاوکارییمان دەکەن یان خۆیان بەدوور دەگرن؟

بۆیە هەمیشە لەگەڵ کەسانێك هەڵسوکەوت بکە هاموشۆی کەسانێك بکە ئازا و بوێر بن. زەمانی زوو لەبیرمە وەختێك مێژوومان دەخوێند دەمانگوت ئەم پاشایانە بۆچی ئەوەندە خۆیان زەلیل و گوێڕایەڵ نیشان دەدەن؟ بۆچی هێندە نەزانن؟ بۆچی لە تاریکدا خۆیان حەشار دەدەن؟ بۆچی هێندە لەخاکی وڵاتەکەیان دۆڕاندووە؟ بۆچی هێندە فەرامۆشکارن...؟ وەختێك دەکەوینە دۆخی داوەری زۆر دڵڕەق و بێ بەزەیین، کاتێك خۆمان دەچینە جێگەی ئەوان لەوان خراپتر ڕەفتار دەکەین. چوار کەس وەسفمان بکەن دەیانکەین بە دۆستی خۆمان و دەیانپارێزین، ئەوەیشی بۆچوونی خۆی بڵێت لە خۆمان دووری دەخەینەوە یان ئێمە لێی دوور دەکەوینەوە. ئەگەر هاوڕێیەکی نزیکی خۆشەویستمان لە لایەنێکەوە پشتگیریمان نەکات پێی دەڵێین بێقەزابیت تۆش هەر لایەنگریی ئەو دەکەیت... خەریك بووم قسەم دەکرد قسەکەو پێ

بریم بۆچی وام پێ دەڵێیت؟ حەسوودی؟ لە کاتێکدا ڕای خۆی گوتووە.

ئێمە بەرهەمی هەڵبژاردەکانی خۆمانین، ئەگەر هاوڕێکانمان باش نین، ئەگەر شێوازی ژیانمان باش نییە، ئەگەر.. خۆمان هەڵمانبژاردووە. دواتر ناتوانین بڵێین هاوڕێی خراپ، دەوروبەری خراپ، ئێمەین هەڵدەبژێرین لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت بکەین، کێ دۆستمان بێت، کێ ڕاوێژکارمان بێت.. ئەگەر سیستەمی کاری کۆمپانیاکەم بەجۆرێك ئیدارە بدەم بۆ نموونە: دوو نەفەر هەواڵگری بکەن تەنیا پشت بەو دووکەسە ببەستم، واتە: یەکەم: سیقەم بە هاوکارەکانم نییە. دووەم: سەرچاوەی زانیارییەکانم سنووردارەدەبێت تەنیا بەو دوو کەسە. ئیتر ئەو دوو کەسە کارەکانم بۆ دەستنیشان دەکەن، ئەو دوو کەسە کۆمپانیاکەم بەڕێوە دەبەن نەك من، ئەو دوو کەسەش ئەگەر بێت و لە گەڵ دەستەیە بەینیان خۆش بیت باشییەکانیان بەمن دەڵێن و ئەگەر لەگەڵ دەستەیەك خراپ بن خراپەکانیان بە من دەڵێن. وە من ئەم ئازادی و توانا و فەرمانەم پێداون و من بوومەتە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکەم شکست بهێنێت. بێگومان چاو و گوێکراوەیی لە کارەکاندا پێویستە، بەدڵنیایی پشکنین پێویستە، کۆنترۆڵ پێویستە.. لە مەدا هیچ گومانێك نییە. بەڵام دەبێت بە سیستەمێك بەڕێوە بچێت، نەك ئەوەی

سەرچاوەی زانیارییەکانم یەك دوو کەس بن، ئەو دووکەسە بڕیار بدەن چی بە من بدە و چی نەدە، چی بۆ من باشە و چی خراپە. ئەم هەڵانەیە کە دەبنە هۆی هەرەسهێنان و پوکانەوەی پڕۆژەکانمان و هەڵتەکانی خێزانەکەمان.. ئەم هەوەسبازییانەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی من دیدم سەبارەت بە خۆم، سەبارەت بە هاوسەرەکەم و منداڵەکانم و هاوکار و هاوشاریی و هاوسێکانم خراپ ببێت.

بۆیە دەبێت من بڕیار بدەم کە سەرچاوەی زانیاریی و هەواڵەکانم ڕاست و دروست بن، من دەبێت بڕیار بدەم تەواوی ئاوێنەکانی ماڵەکەم بێگەرد و بێ پەڵە بن، بە شەفافی حەقیقەت ببینم، ڕاستی وەکوو تیشکی هەتاوە، هەنێك جار دەدا لە چاومان، بەڵام ئەگەر حەوسەڵە و تاقەتمان هەبێت چاومان ڕادێت بە بینینی حەقیقەت و ڕاستییەکان. وەختێك ڕاهاتین بە دیتنی حەقیقەت ڕێگاکان دەکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر من خوشك و براکانم بەخراپە باسی هاوسەرەکەم بکەن، سەرەتا دەبێت سوپاسیان بکەم، بەڵام دەبێت لێکۆڵینەوە بکەم، نابێت لەسەر قسەی ئەوان داوەری بکەم و بڕیار بدەم، نابێت خێرا دژایەتی توونديان بکەم و هاوڕایان بم، پێویستە بەجددی لێکۆڵینەوە بکەم ئەگەر لە ڕاستیدا مەسەلەکە وابوو دەبێت بیر لە چارەسەر بکەمەوە، ئەوەك بە مەبەستی سڕینەوە مامەڵە بکەم. من زۆرێك لەو ژن و پیاوانەم

دیوه لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە تەنیا لەبەر قسەی خەڵك و خانەوادەکەیان، هەرچییەکیان پێگوتوون بەگوێیان کردوونا لەکاتێکدا لەدڵەوە نارازی بوون بە جیابوونەوە لە هاوسەرەکیانا بەس لەبەر ئەوەی کە دایك و باوکیان ڕازی بکەن، چونکە نایەوێت حەقیقە ببینن یاخوود ناتوانن بیبینن، با تەمرین بکەن حەقیەت ببینن، تەمرین بکەین چاوەکانمان بە دیتنی تیشکی ڕاستییەکان ئاشنا بن، با لە حەقیقەت خۆمان نەدزینەوە، چیتر با خۆمان فریو نەدەین و گۆڵ لەخۆمان نەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەڵبژاردنەکانماندا سەربەستین، بەرپرسیشین بەرانبەر بە ژیانمان، کەوابوو با هۆشیارانە و ئاگایانە دیدگایەك هەڵبژێرین کە واقعی بێت و لە حەقیقەتەوە نزیك بێت. با سەرچاوەی زانیارییەکانمان ڕاست و دروست بن.

هەموو شتێك ڕێژەییە، با هەوڵ بدەین حەقیقەت و واقع بە ڕوونی بناسین، با کار و کاردانەوەکانمان واقعیتر بێت، ئەوکات تەواوی دنیا دەبێت بە ڕێنیشاندەرمان، تەواوی هاوڕێ و دۆستەکانمان دەبن بە ڕێنیشاندەرمان، هەمووان دەبنە ئاوێنەیەك کە من بتوانم پشتی ماشێنەکەم ببینم، دەبنە ئاوێنەیەك کە من بتوانم خۆم ببینم، ئەگەر عەینەکەکەم نارێك بێت، برۆکانم نارێك

بێت، یان قژم شێوابێت، یان جلەکانم ناڕێکوپێك بێت، خۆم باش بکەم و خۆم ڕاست بکەمەوە.

دەبێت من سپاسگوزاری ئاوێنە بم، هەمیشە هەوڵ بدەم ئاوێنەکانی سەیارەکەم و ئاوێنەکانی ماڵەکەم و ئاوێنەکانی ژیانم پاکوخاوێن ڕابگرم. هەڵبژاردنی ئەمەش بەدەست خۆمانە. لە ئێستا بەدواوە ئەگەر هەر کێشەیەکتان لەخۆتاندا دۆزییەوە، تکایە لە سەر زەرفی نامەکە مەنووسن زۆر نهێنی و برایانە.. لەسەری بنووسن کەشفی ڕوانگەی من سەبارەت بەخۆم، چونکە ئەوانیتر دەزانن ئێمە چۆنین، ڕازێك لە ئارادا نییە، با وەکوو ئەو بەڕێوەبەرە گەنجە فریو نەخۆین، کە پێی وابوو ئەو لە سەر حەقە و هەموو شتێك بە دروستی دەزانێت و ئەوانیتر نەزانن، هەموومان ئامادەگی ئەوەمان هەیە کە عاشقی بیرکردنەوەی خۆمان بین، هەموومان ئامادەگی ئەوەمان هەیە کە پێمان وابێت لە سەر حەقین، ئەسڵەن چارەیەکمان نییە جگە لەمە، چونکە من لە گۆشەنیگایەکەوە سەیر دەکەم کە کێشەکان وا دەبینم، هەمووشت هەمووان دەیزانن، من بەشێك لە واقع دەبینم و تۆیش بەشێکی، دنیابینی هەموو کەس سەبارەت بە حەقیقەت و واقیعییەت وەکوو یەك نییە، بەڵام ئەگەر هەموومان کۆببینەوە دەتوانین پێکەوە وێنەی حەقیقەت بنەخشێنین، لە چیرۆکی فیلی مەولانادا ئەگەر

هەموان پێکەوە کۆبوونایەتەوە فیلەکەیان دەناسی، چەند نێردراوێك لە چەند هۆزی جیاجیا کۆبوونەوە کە فیل ببینن، نێردراوەکانیان بردە ژێرزەمینێکی تاریك، فیلەکە لە ژێرزەمینێکدا بوو ئەوانیش هەریەکە و لە مسی بەشێك لە فیلەکەیان کرد، کاتێك گەڕانەوە ناو هۆزەکەیان

هەرکەسەو بەجۆرێك وەسفی فیلی دەکرد: یەکێکیان دەیگوت: فیل وەکوو تەپڵ وایە. یەکیان گوتی: فیل لە پارچەیەك گۆشت دەچێت. یەکیان گوتی: فیل شتێکە وەکوو بۆری وایە. یەکیان گوتی شتێکە وەکوو شاخە. یەکیان دەستی لە کلکی دابوو گوتی: وەکو تەنافە. مەولانا دەڵێت: هیچیان درۆیان نەکردووە، بەڵام بەشێك لە حەقیقەتیان گوتووە، ئەگەر پێکەوە کۆبوونایەتەوە و یەکیان گرتبا وێنەی حەقیقەتیا دروست دەکرد.

کەوابوو حەقیەت ڕێژەییە کە بەشێکی لای تۆیە و بەشێکی لای منە و بەشێکی لای منداڵەکانمانە و بەشێکی لای ئەوکەسانەیە کە حەتا خۆشمان ناوێن.. ئەگەر ئەم بیرورِا جیاوازانە کۆ بکەینەوە دەتوانین حەقیقەت و واقیعی پێ ڕوون بکەینەوە. با لەگەڵ خۆمان دۆست بین و میهرەبان بین، با چاوەڕوانیمان لەخۆمان نەبێت بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی بین، شتی وا مەحاڵە، ڕێگەی

بالآیی هەیە، ڕیگەی پەرەسەندن و ڕێگەی کەماڵ بوونی هەیە، بەڵام کەماڵی پەتی بوونی نییە و نابێت چاوەڕوانی وامان هەبێت.

چ کاتێك دەزانین؟

ئەو کەسانەی کە لە سیمینارەکانی مندا بەشدارییانکردووە دەزانن، لە دوای پێشەکییەکی هاویەش لە زۆربەی سیمینارەکانمدا، هەمیشە سێ وشەی مەترسیدار بیری ئامادەبووان دەخەمەوە، ئەم سێ وشەیە بێ ئەوەی ئاگامان لێیان بێت، زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین، ئەم سێ وشەیە زۆر ترسناکن، لە فێربوون پەکمان دەخەن. ناهێڵن پێش بکەوین و دنیا بەدیدێکی نوێوە ببینین. ئەم سێ وشەیە پەیوەندییەکانی نێوانمان لاواز دەکەن، ئەم سێ وشەیە زۆر سادە و زۆر مەترسیدارن، ئەم سێ وشەیە بریتین لە: "من ئەمە دەزانم!" هەرکات بە خۆت بڵێیت "من ئەمە دەزانم" دەستبەجێ بووەستە و لە خۆت بپرسە: "چۆن دڵنیابم دەیزانم؟"

نیشانەکانی زانینی بابەتێك چییە؟ لە کوێرا دڵنیابین ڕاستی بابەتێك دەزانین؟ زانین، پێناسەیەکی سادەی هەیە: "لە ڕاستیدا

مرۆڤ کاتێك بابەتێك، کارێك، شتێك.. دەزانێت کە (ئەنجامی دەدات) بۆنموونە، سەبارەت بە ڕاستی، کرداری دروست، ڕاستگۆیی، ئەدەب، ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی تر. من کاتێك دەزانم ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی دیکە چییە، کە ئەنجامی بدەم، من کاتێك دەزانم عەشق چییە، کە عاشق بم و عەشق لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانم پەیڕەو بکەم، من کاتێك دەزانم خواردنی بۆنمونە،، تەپسی چۆن دروست دەکرێت کە دروستی بکەم، ئەگینا یان "بیستوومە"، یان "خوێندوومەتەوە"، یان "پێم وایە دەیزانم".

بۆنمونە، لە زۆربەی گفتوگۆ و دەمەتەقێکانمدا ویستوومە دەرگای گفتوگۆ لەسەر بابەتێك بکەمەوە، کەسی بەرانبەر خێرا گوتویەتی: (بەڵێ بەڵێ، دەزانم! من دەمێکە ئەمە دەزانم، زۆر سوپاس، مەنونم..) کۆتایی بە گفتوگۆکە دەهێنێت!

لەوانەیە ئەم هەڵەیە بە سەرمنیشدا تێپەڕێت کە (هیوادارم نەیکەم) کەسێك بیەوێت شتێکم فێر بکات و بڵێم (بەڵێ دەزانم) لەکاتێکدا نەشیزانم. زانین، بیستن و خوێندنەوە نییە. پێویستە هەمیشە وتەی ئەم پیاوە مەزنەمان لە یادبێت، کنفشیوس کە دەڵێت: "خوێندمەوە، بیرم لێ کردەوە" (کاتێك شتێك دەخوێنیتەوە، بیری لێدەکەیتەوە. بەڵام هێشتا نایزانیت) ئینجا

دەڵێت: "بیستم، دەرخمکرد. ئەنجامدا ئینجا زانیم، ئێوەیش تاکاتێك کارێك (ئەنجام) نەدەن نازانن چییە، کە ئەنجامتاندا ئەوکات تازە دەزانن ئەوکارە چییە!

لێرەدا نموونەیەکتان لەسەر خۆم بۆ دەهێنمەوە: من بڕوانامەم لە فیزیادا هەیە، ڕۆژێك داوایان لێکردم وانەی فیزیا بڵێمەوە، گوتم: ئینجا ئەوە چییە، من خوێندوومە و دەیزانم، ئەمە پیشەی منە، بەڵام کاتێك چوومە پۆل بۆ وانە گوتنەوە، ئینجا زانیم فیزیا چییە! پێشتر خوێندبووم، درخم کردبوو، گوێم لە مامۆستاکانم گرتبوو، تاقیکردنەوەکانم ئەنجامدابوو، بەڵام نەمدەزانی چییە تا ئەو کاتەی کە ویستم وانە بڵێمەوە. بەم هۆیەشەوە هەمیشە لە سیمینارەکانمدا بە ئامادەبووانی خۆشەویست ڕادەگەیەنم و پێشنیاز دەکەم، ئەو بابەتەی کە دەیخوێننەوە، ئەم وانە پەروەردەییانەی من کە دەیانکرن و لە ماڵەوە تەماشایان دەکەن، یان گوێیان لێدەگرن، بۆ ئەوانی دیکەشی بگێڕنەوە. ئەم کردارەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆرتری هزرتان تێکەڵ بە بابەتەکە ببێت. هەروەها کاتێك دەتانەوێت بیانگوازنەوە. جوانتر لای خۆتان دەچەسپێت. بەم شێوەیە پێش ئەوەی خزمەتان بەوانی دیکە کردبێت، گەورەترین خزمەتان بە خۆتان کردووە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە تێگەشتن ئەنجامیان بدەن.

بۆنموونە لە بارەی ڕێزگرتنی هاوسەر، یان سەرکەوتن، یان ئامانج، یان پەیوەندی دۆستانە کە لێرەدا قسەیان لەسەر دەکرێت (خێرا ئەنجامیان بدەن). کاتێک ئەنجامتاندا، سەرکەوتوو دەبن.

مەیلی فێربوون، لە گومانەوە لە دایک دەبێت، کەوابوو گومان بکەن تا فێربن. ئەگەر من پێموابێت هەمووشتێک دەزانم لەڕاستیدا هیچ شتێک فێرنابم.

وتەیەک هەیە چەند سالێک لەمەوبەر هاوڕێکانم بۆیان گێڕامەوە دەیانگوت: فلان کەس لە ٢٠ ساڵیدا وەفاتیکرد و لە ٨٥ ساڵیدا بە خاک سپێردرا، ئەوکات لە مەبەستیان تێنەدەگەشتم.

دواتر ئەو هاوڕێ بەڕێزەمان گوتی: لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە هەتاکوو تەمەنی ٨٠ ساڵی هیچ شتێکی تازە فێر نەبوو، کەواتە لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا مرد و لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا تەرمەکەیان لە گۆڕنا، لە خۆمان بپرسین ئایا فێربوون تەنیا لە قوتابخانە و زانکۆکاندایە یان لە ژیانشدا دەتوانین فێرببین؟ ئەگەر من پێموابێت هەمووشتێک دەزانم، هیچ شتێک فێرنابم.

کاتێک چوویتە فەرمانگەیەک یان ڕێکخراوێک یان لەگەڵ کەسێک مامەڵەیەکت کردبێت، هیچ دەرفەتت بە خۆت داوە ئەو کەسە بناسیت، چونکە ئەگەر بیناسیت دەتوانیت باشتر پەیوەندی

لەگەڵ دروست بکەیت، من زۆر لەم چیرۆك و بەسەرهاتانەم لایە

بەهۆی کارێکەوە جارێکیان چووم بۆ فەرمانگەیەك، کاتێك چوومە

ژوورەوە بینم مێزێکی لێیە و نزیکی ٢٠ — ٣٠ کەس فایلەکانیان

لەسەر مێزەکە دانابوو و ئیمزایان دەویست. بەڕێوەبەرەکەش کەلە

پشتی مێزەکە دانیشت بوو ئەملاولای فایلەکانی دەکرد. منیش

بێدەنگ لێی دانیشتم وتم بابزانم چ گفتوگۆیەك لە نێوان ئەم

کەسانەدادەکرێت، وەلامی چ کەسێك باشتر دەداتەوە، لەگەڵ چ

کەسێك توڕە دەبێت.. من دەمتوانی فێربم. پاش کەمێك خێرا

بۆم دەرکەوت ئەوکەسەی لە پشتی مێزەکەیە زۆر پێویستی بە

سەرنجە.

چونکە وەك بەرپرسێك دەیتوانی فەرمان بکات بەسەر

هاولاتیاندا و پێیان بلێت فەرموون دانیشن تا نۆبەتان دێت.. بەلام

ئەو زۆر پێی خۆش بوو هەمووان لە دەوری قەرەبالغی دروست

بکەن و پێی بلێن (قوربان ئەوەم بۆ واژیکە!).زۆر سەرنج ڕاکێش

بوو لە نێو ئەو خەلکەدا منی بانگکرد و گوتی: (کاکە ئیشی تۆ

چییە؟!) سەرم سوڕما چۆن لە ناو هەموویاندا منی دیاری کرد،

دیار بوو ئاگای لە هەمووان بوو، چ کەسێك سەرنجی دەدا و چ

کەسێك سەرنجی نادات، گوتم: (بەڕێزتان زۆر سەرتان جەنجالە، بێ

مروەتییە هێندەی تر جەنجالتان بکەم، با کەمێك سەرتان سووك

بێت دواتر دێمە خزمەتان.) دووبارە بەرچاویان گرتەوە و دەنگەدەنگ دەستیپێکردەوە: بۆم ئیمزا بکە، بۆم ئیمزابکە!) دوای چەند خولەك دووبارە خەلکەکەی لادا و بە منی گوت: کاکە فەرموو وەرە پێشەوە، گوتم: (ئێستا کاتێکی گونجاوە؟) گوتی: بەلێ وەرە پێشەوە.

ڕووی لە هەمووان کرد و گوتی: بڕۆن دانیشن، دواتر لوتفی کرد کاری منی بەڕێ کرد و تەنانەت تەلەفونی بۆ ئەوکەسەی دوای خۆی کرد تا زوو کاری من جێبەجێ بکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوە بوو کاتێك من چوومە ئەو ژوورە نەمگوت ئاخ دیسان توشی داوی ئەم مرۆڤانە بوومەوە.. دەرفەتم بەخۆمدا بیاننانسم، کاتێك کە زانیم تایبەتمەندییەکانیان چییە و ناسینم، ئەوکات پەیوەندییەکی باشتر لە نێوانماندا دروستبوو، من دلنیام ئەگەر ئێستاش کارێکم تێیان بکەوێتەوە و بچمەوە بۆ لایان بۆم جێبەجێ دەکەن، بەلام ئێمە هەر ڕاهاتووین بلێین: دەزانم ئەمانە گەندەلن، کاربەڕێکەر نین، تا خزمی خۆیان وەستابێت ئێمەومانان هیچ نین، تکادەکەم لە ئێستاوە ئەم سێ وشە مەترسیدارە (من ئەمە دەزانم) تا دەتوانین کەمتر لە ڕستەسازی ڕۆژانەتاندا بەکاری بهێنین، ئێمە کاتێك بابەتێك، شتێك، دەزانین کە خەریکی ئەنجامدانیبین، تا ئێستا ڕووی نەداوە من دەرفەتێك بەوانیتر بدەم و شتێکی نوێیان لێوە

فێرنەبووبم، لانیکەم شتێك کە فێری بووم ئەوە بووە کەسەکە پێویستی بەوە بووە خۆی بسەلمێنێت و بلێت من هەم.. ئێمە زۆر شت نازانین پێمانوایە دەزانین بیستومانە یان خوێندوومانەتەوە، ئایا ئێوە دەزانن چی بە خەیاڵی هاوسەرەکەتاندا دەگوزەرێت؟ ئایا ئێوە دەزانن چی لە فکر و خەیاڵی دایك و باوکتاندا دەگوزەرێت؟ ئایا ئێمە دەزانین ئەوانی دیکە چۆن لەمەڕ ئێمە بیردەکەنەوە؟ ئایا دەزانین خۆمان چیمان دەوێت؟ ئایا دەزانین چی کارێك بکەین بۆ ئەوەی ئاسانتر و خێراتر بگەین بە خواستەکانمان؟ ئایا دەزانین چۆن چاودێری جەستە و تەندروستیمان بکەین؟ نەخێر ئێمە زۆر شت نازانین زۆربەمان لە خەیالات و وەهمی زانیندا دەژین، زۆربەی شتەکان ئێمە تەنیا بیستومانە و خوێندوومانەتەوە بەڵام ئەزموونمان نەکردوون و پێشمانوایە زۆر دەزانین.

لە ئەمریکا لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ کەسێك کە لە پارکێك دانیشتبوو دووکەس هاتن و لە تەنیشتییەوە دانیشتن و دەستیانکرد بە گفتوگۆکردن لەسەر یەکێك لە کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، ئەو دوو کەسە پێکەوە قسەیان دەکرد سیناریۆکەیان وەها بوو کە یەکێکیان پەسندی بوو و یەکێکیان دژی بوو، پاش چەند خولەکێك مشتومڕ و بەڵگە هێنانەوە هەرکەسەو ڕای خۆی

دەردەبڕی و.. دواتر ڕۆشتن، دواتر کەسێکی دیکەیان نارد بۆلای ئەو کەسەی لە پارکەکە دانیشتبوو کەوتە قسەکردن لەگەڵی و لێی پرسی: ئەرێ بەڕاست بەڕای تۆ ئەم کاندیدە هەڵبژێردراوەی سەرۆککۆمار لای تۆ چۆنە؟ ئەویش دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی تەواوی ئەوشتانەی کە لەو دوو کەسەی بیستبوو، بە جۆرێك قسەی دەکرد وەك بڵێیت بیروڕای خۆیەتی! بەڵام ئەو تەنیا بیستبووی، ئێمەیش زۆر شتمان بیستووە لە ڕادیۆ و لە تەلەفزیۆن و لە ئینتەرنێت.. هتد، پێمانوایە حەقیقەتە و وەکوو بیروباوەڕی خۆمان لێکی دەدەینەوە و لەسەر بنەمای ئەوانیش ژیانمان بنیادناوە! ئێمە تەنیا بیستومانە یان خوێندوومانەتەوە بەڵام (نایزانین) هەر لەبەر ئەوەیشە کاتێك کەسێك سەری یان پشتی ژان دەکات پێشنیاری حەپێك و دەرزی و دەرمانی بۆ دەکەین لە کاتێکدا ئەمە ئیشی ئێمە نییە. بۆنموونە: دەتوانین بڵێین من جارێکیان پشتم نازاری هەبوو دکتۆر ئەم حەپەی پێدام چاك بوومەوە بەڵام نازانم بۆ تۆ بەسوودە یان نا) تکادەکەم بەدیقەت بن، لەبەر چەند هۆیەك، یەکەم چونکە مرۆڤ ئەسیری بیروباوەڕەکانییەتی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی وەریدەگرێت، دەست بەدادوەری دەکات. با کەمێك قوڵتربین با کەمێك پوختەتر بژین و بەئاسانی نەبینە گەمەی بیروباوەڕەکانمان، لەهەمانکاتدا،

ڕێنمایی هەڵە نەدەین و گرنگتر لەهەمووی بەوشتانەوە خۆمان
سەرقاڵ بکەین کە زیاتر پەیوەندیدارن بە ئێمەوە وەکوو هاوسەر و
منداڵەکانمان و پیشەکەمان و شارەکەمان.. ئەمانە ئەو شتانەن کە
لێمانەوە نزیکترن، سەرەتا دەبێت لەمانەدا ببینە وەستا ئینجا
بچینە تۆناغەکانی پێشتر لە سیاسەت، لە پزیشکی، لە کارەبا و
ئەلکترۆنی.. هتد، کەمتر کەسێك هەیە لە هاوڵاتیانی ئێمە بۆ
چرونێکی نەبێت! بەگشتی خاوەن دیدگاکانیش کەسانێك نین
هەموویان دەرچووی زانکۆکان بن، بەڵکوو کەسانێکن کاتی
خۆیانیان تەرخانی بابەتێك کردووە و تێیدا قووڵ بوونەتەوە،
لەیادمان بێت: کاتێك دەتوانین شتێك فێربین کە ئەم سێ وشە
ترسناکە "من ئەمە دەزانم" لە هزرماندا بسڕینەوە.

(ئەگەر دەتەوێت خۆشەویست بوویت، هەوڵ بدە تا ئەوانی دیکەش زیاتر خۆیانیان خۆش بوویت.)

من و تۆ وەکوو مرۆڤ، نیازمان بە پەسەندکردنە لەلایەن ئەوانی ترەوە، لەمەدا هیچ گومانێک نییە، ئەو داواکارییەی کە (مەککەمی کەمال) بۆمان پێشنیار دەکات، ئەمەیە: سواڵ مەکە، ئەگەر من حەز بە شایستەی خۆشەویستی، و ڕێز و سەرنج بزانم، بەدەستی دەهێنم، ئەگەر لە ژوورێک بنووسم: دکتۆر محەممەد موعەززەمی، پزیشکی بەشی هەناوی.. هتد، خەڵک سەرەتا بڕوا ناکەن و پاشان سەردانم دەکەن بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەم.. بەڵام ئەگەر پزیشک نەبم و لێهاتووش، ئەم کارەم نەبێت، تێکدەشکێنم و ڕسوا دەبم، دواتر دەڵێم خەڵکی ڕێزی کاری من نازانن، لەکاتێکدا من هیچ کارەم، زانستی ئەمکارەم پێ نییە، بەڵام ئەگەر بە دروستی، بچمە زانکۆ و دەرس بخوێنم و لای دکتۆرێک خزمەت بکەم و فێرببم، لە نەخۆشخانەیەک کار بکەم و دوای چەند ساڵێک کارامەیی پەیدا بکەم و حەز و عەشقم بۆ کارەکەم هەبێت، ئەگەر لە ژوورەکەم دابنیشم، خەڵک لە سەرانسەری دنیاوە دێن تا خزمەتگوزارییەکانم بکەن.. ئەگەر بەڕاستی لە ژیاندا دەتەوێت بەڕێز و خۆشەویست بیت، داوامەکە، ئەوە سواڵی بکەیت، شایستەیی وەکوو بڕوانامە وایە، بڕۆ بەدەستی بهێنە، کاتێک بازرگانییەکەت باش بێت، خەڵک دێن بۆ لات، دەڵێن یارمەتیمان بدە، تکایەک دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەندە بوەستین، لەبری ئەوەی هەر بەدوای پەسەندکردنەوە بین با خولەکێک بوەستین و بڵێین: ئەو شتانەی لەوانی تر دەمانەوێت، لە خۆماندا دروستیان بکەین، وە هەروەها، (ساڵانێک دڵ داوای جامی جەمی، دەکرد لێمان، ئەوەی خۆی هەیبوو لە بێگانە داوای دەکرد).